

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سـەکـۆی هـزر

## ژمارەی شەشەم


خاوەن ئیمتیاز: دێرین کەمال چاوشین
سەرنووسەر: ئەحمەد ستار عەبدوڵا

بەرپرسی لێژنەی ئەدەبی: ئەحمەد زرار
بەرپرسی لێژنەی کۆمەڵناسی و دەرونزانی:
ڕێکان عەبدولڕەحمان
بەرپرسی لێژنەی بابەتە هەمەڕەنگەکان:
دێرین کەمال چاوشین

هێیداچوونەوە و هەڵەچن: ئەحمەد زرار..
دێرین کەمال چاوشین
بەشی هونەری و دیزاین: هەژار جەمال



نوسەرانی ئەم ژمارەیە:

دێرین کەمال چاوشین
ڕێکان عەبدولڕەحمان
لێوان ئاسۆس
ئیبراهیم موحەممەد (ئەبڕاهام لێڤایی)
نوێنەر یاسین
ئازیز سڵاح
شیان مەهدی کانیسارکی
تانگۆ عادل محەمەد
هاودەنگ سەباح
ئیمان محەمەد عوسمان
نەجات ئەحمەد
کرێکار قادر ڕوستایی



بەهۆی دۆخی سیاسیی و ئەمنی ناجێگیرەوە، زۆرێک لە کوردەکان هەست بە هەڕەشەی بەردەوام دەکەن، ئەم دۆخە دەتوانێت ببێتە هۆی "زەینی پاڕانۆید-ی"

# ژمـــارەی شەشەم



ئێستا دیاردەی شارچییەتی و تانەدان لە کولتوری یەکتر گەیشتۆتە ئاستێک کە: جیلی سەردەم سڵ لە جنێو و سوکایەتی و هەڕەشەکردن ناکەنەوە، لەسەر ئەوەی کە ئایا "ڕووبەهەنار"ە یان "سرکە"ە.



بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پەیوەندی بە هۆکار و ململانێکانی ناوچەگەرییەتی، خزم خزمێنە، ئایدیای ئیسلامی سیاسی، ترسی سزادان، بەرژەوەندی تایبەتی، بەرژەوەندی گشتی، ترس لە دەنگدان لەجیاتی تاک (تەزویر)، بارودۆخی عێراق و هەستی نەتەوایەتی...تاد هەیە. ئەوندە پەیوەندی بە بەشداریکردن و دەنگدان نییە لەسەر بنەمای ڕازیبوون و متمانەدان بە پارتەکە یان قەوارەی کاندیدەکە

گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# پێرست


بەرکوڵ/

ئەدەب-زمان/

- "گەوریێ" ژی دەم پێدڤێت
- ڕۆڵی کات لە گێڕانەوەدا ، لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) دا
- ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان زانست و هونەردا
- ماڵ لەکوێیە؟

بابەتە هەمەڕەنگەکان/

- کورد و هەزار قسە- جیاوازی شێوەزار و شارچیەتی.
- متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی و کاریگەری لەسەر بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان.
- ئیعجازێکی زانستی و پزیشکی لە بارەی ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ.

دەروونزانی-کۆمەڵناسی/

- هەستی تەنهایی قووڵ و خۆبەکەم زانین لە نێو بەشێکی دیاری پانتای کۆمەڵگای کوردی لە باشووری کوردستان.
- دەستپێکردنەوە و گەڕانەوە بۆ قوتابخانە.
- "فینیاس گەیج" ئەو پیاوەی شیشێک بەناو سەریدا تێپەڕی و نەمرد!
- دەستدرێژی سێکسی ئەو ووشەیەی لەماوەی رابردوودا زۆر کەوتۆتە سەر زمان.
- تاکی کورد و سێ ئاستەکەی هۆشیاریی.

# بەرکۆڵ

ژمارەی شەشەم

پاییزی ٢٧٢٤

# بەرکوڵ

مومارەسە کردنی مافە سیاسـییەکان مافێکە کە لە مادە (٢٠)ی دەستوری عێڕاق ساڵی (٢٠٠٥) دەستەبەرکراوە بۆ هەموو هاوڵاتیەکی عێڕاقی و هیچ کەس و لایەنێک بۆی نیە کۆت و بەند بخاتە سـەر ئەو مافە کە لە دەقی مادەکە دەڵێت: ( هاوڵاتیان پیاوانبن یان ئافرەتان مافی بەشداری کردنیان هەیە لە کاروباری گشتیدا و هەروەها مومارەسەکردنی مافە سیاسـیەکان لەوانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن)، هەڵبژاردنیش خاڵێکە لە خاڵەکانی دیموکراسـیەت کە دەستاو دەستکردنی دەسـەڵات بەشێوەیەکی ئاسایی و ئارامبێت وە ئەو جۆرە دیموکراسـیەتەی کە هەرێمی کوردسـتان - عێـڕاق پەیڕەوی دەکات بریتییـە لە نوێنەرانی هەڵبـژاردەی خەڵک "پەرلەمان" . کە دەبێ مافی یاسادانانیان لە هەموو بوارێک هەبێت و بتوانن بە ڕاشکاوی بڕیارەکانی حکومەت بخەنە ژێر پرسیاریان و گەر لە بەرژەوەندی گەل نەبوو ئەوا دژیبن بەبێ ئەوەی هیچ ترس خۆفێک یان مەترسییەک بێتە سەر ڕێگەیان. ئەوەی باسم کرد پوختەیەکی زۆر کورت بوو بۆ ڕونکردنەوەی دیموکراسیەت و ئەو شێوازەی لێرەدا پەیڕەو دەکرێت بەڵام وەک ئەوەی لە ئەرزی واقیع هەیە ڕێک پێچەوانەی گوتەکانمە کۆمەڵێکن ئەو هەل و مافـە دەقۆزنەوە بۆ چەند بەرژەوەندیەکی نامـەشروع کە تەنها لە بەرژەوەندی خۆیان و پارت و بنەماڵەکەیانە، ئێمە دەبێت ئەو پێوەرە گرینگەی کە پێی دەڵێن شـیاویەتی بکەینە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی کاندید و پارتەکان نەک بنەمای ئەوەی بنەماڵەکەی کێیە و چەند دەیەیەک پێش ئێستا چیان کردوە،

ڕاستە باسی ئەوەمان کرد هەڵبژاردن پێوەرە بۆ دانانی سیستەمێکی دیموکراسی بەڵام هەر هەڵبژاردن بەس نیە و پێویستە چەند مەرجێکی سەرەکیش هەبن لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕەنگە گرینگترینیان ئەوە بێت کە هەڵبژاردن نهێنی و ڕاسـتەوخۆ و گشـتی بێت وە منافەسەیەکی مەشروع لەسەر بنەمای ئەوەی کێ خزمەت بە هاوڵاتیان دەکات هەبێت بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان لە کاتی بانگەشەی پارتەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن تەنها خـوێ بە برینەکانی هاوڵاتیان دادەکەن و وەک دەڵێن کای کۆن بەبا دەکەن بە خیانەتکار و خۆفرۆش ناوی یەکتر دەبەن و هەڕەشەی وەرگرتنەوەی نەک دەسەڵات بگرە شار و گەڕەک و هەموو شت لەیەکتر دەکەن. بانگەشەی هەڵبژاردن یەکێکە لە فاکتەرە یەکەمی و گرنگەکانی هەڵبژاردنی لایەنێک لەلایەن هاوڵاتی، جگە لەوەی جێگەی پەلاری سیاسـیی و تەنز و هێرشکردنە سەر یەکتری تێدا دەبێتەوە، دەبێ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە ڕابردوو کراوە، هاوکات ڕوونکردنەوەی بەرنامەی چوار سـاڵی داهاتوو، گرنگترین بابەتی بانگەشـەی هەڵبژاردن بێت. ئاخر ئێمە چی لە بانگەشـەیەکی هەڵبژاردن بکەین کە لەو دۆخە ناسـەقامگیرەی ناوچەکە، هەر جنێو و پەلاماری سیاسی تێدا بەدی دەکەین!؟ ئەوەی گرنگە پێویسـتە خەڵک وا فێربکرێت کە: لەسـەر بنەمای ڕق و قینە و دوژمنایەتی هیـچ لایەنێـک نەکا بە نوێنەری خـۆی، بەڵکو بەرنامە و هەڵوێسـتی لایەنەکان لەڕابردوو و هەڵسـەنگاندن بۆ بەرنامـەی داهاتوویان، بـکات بە گەورەترین فلتەر بـۆ هەڵبژاردنیان. لەو ژمارەی پایـزەی گۆڤارەکەتان، گۆڤاری سـەکۆی هزر، توێژینەوەیەک سـەبارەت بە "متمانەی سیاسـی" کە باسوخواسـی هەڵبژاردنیش لەخۆدەگرێ یاداشـت کراوە. بەو هیوایەین کۆی بابەت و توێژینەوەکان خزمەتێک بە یەکڕیزی نیشتمانی و زەخیرەی ئەدەبی و مەعریفی گەلەکەمان بکەن.

**ئەحمەد ستار**

# ئەدەب - زمان





# "گەورێ" ژی دەم پێدڤێت

کورتەچیرۆک یان "کۆرتیلەچیرۆک" جورەکە ژ وێژەیا جیهانی، کۆ نڤیسکار دشێن ب رێکەکا کورت باس ل ڕوویدانەکا تایبەت و دیارکری بکەن، بێی کۆ گەلەک ب ناڤ بابەتیڤە بچیت یان ب کویراتی هەمی هویربینیان بدەت دیارکرن، ئەڤەژی باهرا پترا جاران د دەم و جهەکێ دیارکریدا چێدبیت. هەروەسان ب شێوەیەکێ پەخشانکی "باهرا پتر ئاشۆپی" دهێت نڤیسین دگەل کێم کارێکتەران"کەسایەتیان" (نەوەکی ڕۆمانێ). هندەک خالێن گرنگ یێن د کۆرتەچیرۆکێ دا هەین، کۆ پێدڤیە نڤیسکار لبەرچاڤ وەرگریت و خوە دسەرا نە هاڤێژیت.
بۆ نموونە: ئێک: ڕوویدان، ئەوا د ناڤبەرا دوو کارێکتەران یان ئێکی ب خوە دا چێدبیت کۆ دبیتە ئەگەرێ سەرنجاف خواندەڤانی.
دوو: کەسایەتی، ئەو گرنگترین بابەتێ کۆرتەچیرۆکێیە، کۆ دڤێت نڤیسکار فوکسا خوە گەلەک بێخیتە سەر کارێکتەرێن خوە، داکۆ ل دویماهیێ کارێکتەرێ سەرەکی و دژیەکێ وی ب ڕوونی دیاربیت. سێ: دەم، دەم ژی ئێک ژ خالێن گرنگە، ئەو دەمێ ڕوویدان تێدا چێبووی و باشترە دەم یێ بازنەکری بیت، چونکی ئەڤە کۆرتەچیرۆکە نە ڕۆمانە یان درێژترە. چوار: جهـ، جهـ ژی کێمتر نینە ژ دەمی و خالێن بەری نوکە، ڕاستی ژی دڤێت دەم لگەل جهی بگۆنجیت و گەلەک خالێن دی.
سەبارەت درێژیا کۆرتەچیرۆکێ ڕاستی من گەلەک تێکڤەدانکر هەر ژێدەرەکی، سایتەکی و پەرتووکەکێ تشتەکێ جیاواز د گۆت و هەمی ژی د شاش نینن، لێ مرۆڤ سەد ژ سەدێ ل دویف چیا ناچیت، نڤیسکار داری ژ نیڤێ بگریت باشترە. ئێک ژێدەر ژ وان گۆت: "کێمترین ژمارە پەیڤا بۆ نڤیسینا کۆرتەچیرۆکێ (١٠٠٠) پەیڤن جاران کێمتر ژی درستە، لێ گەر ژ ٢٠ هزار پەیڤان بوری ئەو دێ چیتە د خانا چیرۆکا درێژ و پاشی ڕۆمانێ دا"
ئەڤ پەرتووکا ل پێش چاڤێن هەوە ژ نڤیسینا هێژا "ئیسماعیل موستەفا" ب ناڤێ " گەورێ" یە کۆ ل (٢٠٢٣) چاپ بوویە. یا ئەز دزانم (چیرۆک، کۆرتە چیرۆک، چیرۆکا درێژ و ڕۆمان و هەلبەست) ژی، هەر تێکستەکا وێژەیی بیت پێدڤی ب دەمەکێ تایبەتە هەتا بهێتە نڤیسین. گەلەک نڤیسکار ب سالان دمینن ب ئێک چیرۆک ڤە، ئانکۆ من کۆهـ لێنەبوویە نڤیسکارەکی د ئێک شەڤ دا دوو کۆرتەچیرۆک نڤیسین یان سپێدێ هەلبەستەک ڤەهاندی و ئێڤاری ئێکا دی ژی ب دویماهی ئینای، لێ د ڤێ پەرتووکێ دا کۆ نڤیسکاری ژمارا ڕێکەفتێ یان دیرۆکا نڤیسینا هەر تێکستەکێ دیارکرییە، من دیت کۆ هندەک جاران د ئێک ڕۆژدا دوو یان سێ چیرۆک یێن هاتین نڤیسین، بۆ نموونە: ل ڕێکەفتی ( ٢٠٢٠/٩/٢٥ ) دوو چیرۆک یێن هاتین نڤیسین، هەروەسان ل (٢٠٢١/٤/٢٨) سێ چیرۆک یێن هاتین نڤیسین و ئەڤێن دی ژی گەلەک ژوان ڕێکەفتا وان نێزیکی ئێکە!
دبیت ل ڤێرێ دوو خال هەبن، ئێک ژوان؛ ئەڤ تێکستێن د ڤێ پەرتووکێ دا ئەز نەشێم ناڤێ (کۆرتەچیرۆک) لێ بدانم، چونکی ئەڤ خالێن من ل سەری باسکرین دەستپێکێ گەلەک ژ وان تێدا نینن و پتر بەر ب " کۆرتیلەچیرۆکان"ڤە دچن. دێ نوکە هندەک نموونەیان بۆ هەوە نڤیسم کا چەوا هاتیە نڤیسین و داڕێژتن،پاشی هوین بریارێ لسەر بدەن. ل لاپەڕ (٢٣) ئەڤە نڤیسییە و ناڤێ کۆرتەچیرۆک لسەر دانایە

(پایز: کی دێ شێت هەڤڕکییا من کەت ب رەنگ وجوانیێ)، نموونەیەکا دی، ل لاپەڕ (١٧) نڤیسییە (زەڤی؛ بهارێ ئاڤزکرم، ل هاڤینێ هاتمە بەرزانێ). ل لاپەڕ (٢٥)دا دبێژێ: (موم؛ تە گیانێ خۆ هەمی کرە ئاگر، دا ئاگرێ دلێ ئاشقان هەر یێ گەش بیت). لاپەڕ (٥٦) گۆتیە (ئاسمان؛ ئاسمانی روندک باراندن.. من سەرێ خۆ بلند کر، من گری و چاڤێن تە دیتن)... و دەهان نموونێن دی. جارێ ئەز نابێژم د بێ ڕامانن چونکی مافێ من نینە و یا نڤیسەری یا ددلێ وی دا، لێ یا ژ من ڤە: ناڤێ کۆرتەچیرۆک بۆ ڤان نەیێ درستە و پتر ئەڤە وەکی تێکستەکا وێژەییە و نەزێدەتر و پێدڤیە نڤیسکار یێ بێهنفرەهـ بیت د نڤیسینا بابەتێن خوە دا. داکۆ لەز تێدا نەهێتەکرن و نامە ب درستی بگەهیت، ئەگەر هویربینەکا باش ژی بکەم یا تژییە ژ شاشێن ڕێزمانی و ڕێنڤیسێ ژی، لێ د ڤێ نڤیسینێ دا ئەز باس ل ڕێنڤیسێ ناکەم، بەلێ هوین د شێن د وان نموونێن د ناڤ قەوساندا من نڤیسین تێبینی بکەن، چونکی د وان نڤیسیناندا کا د پەرتووکێ دا چەوا هاتییە من وەسا یا نڤیسی.

**شیان مەهدی کانیسارکی**






## ڕۆڵی کات لە گێڕانەوەدا، لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)ی (کاروان عومەر کاکەسوور) دا

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە کە لەسەر ڕۆڵی کاتە لە گێرانەوەدا، لە دوو بەش پێکهاتووە: کە بەشی یەکەمی تایبەتە بە لایەنی تیۆری، بەشی دووەمی لایەنی پڕاکتیکییە لە ڕۆمانی "ماڵی نانی" دا.
ژانری ڕۆمان بە یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی نێو ئەدەب دادەنرێت، کە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی چیرۆکئامێزی دوورودرێژ، لە میانەی گێڕەرەوە وێنەی ژیانی کەسایەتییەکان لە چەندین ڕووداو و لە چەندین شوێن و کاتی بەریندا دەردەخات، زۆر جار خەیاڵ ڕۆڵی لە داڕشتنی ڕووداوەکاندا هەیە، لە ڕۆماندا چەند ڕەگەزێکی گرنگ کۆ دەبێتەوە، لەوانە: (ڕووداو، کەسایەتیی سەرەکی، شوێن، کات، چیرۆکبێژ (یان حکایەتخوان)، گێڕانەوە، بۆگێڕەوە، خەیاڵ، هێرمۆتیکا، دیالۆگ، گۆشەنیگا.)
هەروەها یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان بریتییە لە کات، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گێڕانەوەی ڕۆماندا، کات وەک ڕەگەز و تەکنینیکی گێڕانەوە لە ژانری ڕۆماندا تایبەتییەتی و سەنگی خۆی هەیە. کات، گیرانەوەی بابەتەکە دیاری دەکات و فرەلایەنی بابەتیش دەبەستێتەوە بە کاتەوە.
کات لە ڕۆمانی "ماڵی نانی"دا زەمەنێکی بەیەکبەستراوی دانەپچڕاوە، "کاروان عومەر کاکەسوور" بە شێوەیەکی ژیرانە توانیوێتی کات لەناو چیرۆک و کارەکتەرەکاندا دروستبکات، بەوەی کە نووسەر بە ئاگاییەوە ئاوڕی لە میتۆدی کات داوەتەوە.
هەروەها لە ڕۆمانی "ماڵی نانی"دا نووسەر هەوڵی داوە زنجیرەی کات تێکبشکێنێت، هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا نووسەر ئاماژە بە تێکشکانی کات دەکات و دەڵێت مۆدێلی زنجیرەی نەماوە.

سەرەتا بابەتەکەمان بە میتۆدی گێرانەوە دەستپێدەکات، چونکە یەکێک لەبنەما گرنگەکانی ئەدەب بەتایبەتی ژانری ڕۆمان، بایەخی خۆی هەیە و بە کۆڵەکەیەکی تایبەت دادەنرێت، لەهەمانکاتیشدا هەر لە ژیانی ڕۆژانەشدا بەکاردێت تا دەگەینە ژانرە جیاوازەکانی نێو ئەدەب. یەکێک لە توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان لە گێڕانەوەدا توخمی کاتە.

زانستی گێڕانەوە کە لە ناراتۆلۆجی (Narratology) یا (علم السرد یا السردیة) وەرگیراوە، ((زانستی گێڕانەوە لقێکە لەلقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بنیادگەریی زمانەوانی، کە لە سیستەمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە، بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانی هەروەها لەو بنەمایانەش وردەبێتەوە کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت.)) ( ئەسوەد:٢٠١٥: ٣٨٥-٣٨٧).

((گێڕانەوە وەک ڕەگ و ڕیشەیەکی هونەرەکانی ئەدەب لە ناو ژانرە ئەدەبییەکاندا بە پێی سەردەم هەستی پێدەکرێت و خاسیتێکی تایبەتی هەیە لەناو ئەدەبیاتی کوردی کۆن لە شیعرە ئێپیکیەکان بەگشتی هەیە ئیمرۆش لە چیرۆک و ڕۆمان و حەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی دەدۆزرێتەوە هەروەها لە شانۆگەری و هەندێ لێکۆڵینەوەی تایبەتیش)) (عەلی: عەبدوڵا: ٢٠٢٣).

((توما شفکسی، شێوازی گێرانەوە دابەشدەکات بۆ سێ بەش ئەوانیش شیوازی:-

١- بابەتی ٢ - خودی ٣ – تێکەڵ)). ( ڕەوف: ٢٠٠٩: ١٥٦)

((دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لە هەموو بابەتێکدا زیندووە، چونکە گێڕانەوە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەڕوات بەبەردەوامی، کە ژیانیش بەردەوام پڕ ڕووداو کارەساتە)) (ساڵح:٢٠٢٣: ١٥)

دێینە سەر کرۆکی بابەتەکە کە باسکردنی یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی گێڕانەوە ئەویش کاتە، سەرەتا دەبێت لە چەمکی کات تێبگەین بزانین کات چییە؟ خۆی لەو زەمینە گشتییەدا دەبینێتەوە کە مرۆڤ تێیدا ژیان بەڕێدەکات، پێناسەکردنی چەمکی کات هەر ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە لە کۆمەڵێک بواردا خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتی ئەدەبییات و زانست و فکر و فەلسەفە، بابەتەکە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە کە باسبکرێت لە بابەتەکەدا بابەتە ئەدەبییەکەیەتی و ڕۆڵی کات لە دامەزراندنی گێڕانەوەدا لە ڕۆماندا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە لێرەدا ئەوەیە دوو بۆچوونی دژیەک لەبارەی کاتەوە سەرهەڵدەدەن کە ((یەکەمیان پلاتۆ، نوێنەرانی دەکات پێی وایە کات هاوکاتی گەردوون هاتووەتە بوون؛ بۆیە هەردووکیشیان پێکەوە لەناو دەچن، لەکاتێکدا "ئەریستۆ" نوێنەری بۆچوونی دووەمیان دەکات، کات دەخاتە پێش گێتییەوە بگرە پێی وایە گێتی خۆی کاتی دروست بووە و لەناوچوونیشی نییە مادام بە جووڵە و بەندە)) ( کاکەسوور:٢٠٢١: ١١٢-١١٣)

کات وەک ڕەگەز و تەکنینیکی گێڕانەوە لە ژانری ڕۆماندا تایبەتییەتی و سەنگی خۆی هەیە بۆیە دەتوانین بە پشتبەستن بەم پێناسەیەی "نەجم ئەڵوونی" بۆ ڕەگەزی کات دەڵێین: (( بریتییە لەو کاتە ڕێژەییەی کە چۆنێتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کەسایەتییەکان لە ئێستا و ڕابردووی ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێکدەخات، بە گونجانترین شێوە گوزارشت لە بارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەروونی فکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشان دەدات)) (ئەڵوونی: ٢٠٠٣: ٥٤).

((ئەوەی لە زەینی ئێمەدایە و ئەوەشی لە سروشتدا هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە کاتی ئاسایی ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین سێ جۆرە، کاتی ئێستا کە گرنگترین کاتە بۆ مرۆڤ، کاتی ڕابردوو کە خۆمان یا پێشینەکانی ئێمە تێیدا ژیاون،

و كاتی داهاتوو، كه كارێكی نەزانراو و هەست پێنەكراوە ڕەنگە دواتر بێت ئەگەرچی لە بوار و هزر و لە تێڕوانیندا لە بەرامبەر كاتدا هەن هاوڕاییەكی تەواو نییە، لەسەر چۆنیەتی هەبوونی كات، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە كۆكن كات هەیە و بوونێكی واقیعیش هەیە بەم شێوەیە دەتوانین بە ئاگابین لێی تەواو دیاردە و ڕووداوە واقیعییەكان دركی پێبكەین)) (حاجی:٢٠٠٩: ١٠٩)).

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كات لە ڕووداوە واقیعەكانیشدا دركی پێدەكەین، بناغەیەكی سەرەكی نێو ڕووداو و گێڕانەوە دادەنرێت، بەبێ بوونی كات، ناتوانین گێڕانەوەیەكی سەركەوتوو بەئەنجام بگەیەنین لەنیو ڕۆمانەكان، چونكە بە بوونی كات و كاتی دیاریكراو وەك زنجیرەیەك و تێهەڵكێشی نێو ڕووداوەكان دەتوانین گێڕانەوەیەكی سەركەتوو بە ئەنجام بگەیەنین.

((ئەگەر ڕۆمان بریتی بێت لە گێڕانەوەی ڕووداوێک یان زیاتر ئەوە ئەو ڕووداوانە بە پێی سیستەم یان زنجیرەی كات ڕێكدەخرێن، ناكرێت ڕوودانی ڕووداوەكان لە دەرەوەی كات بێت، هەر بۆیە ڕۆمان كار بە پەیوەندیەكی تۆكمەیان لەنێواندایە، چونكە ڕۆمان بەبێ بوونی كات مانایەكی ئەوتۆ نادات بە دەستەوە)) (عەزیز:٢٠١٤: ٤٢-٤٣).

كەواتە ژانری ڕۆمان پشت بە كات دەبەستێت، لە ڕێگەی كاریگەری كارەكتەر و ڕووداوەكان وەك دووانەیەكی دانەبڕاو بۆ هەمیشە پێكەوە كاردەكەن.

لەناو هەموو ژانرەئەدەبییەكاندا كات ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بابەتی نێو ژانرەكان تێدا ڕەنگدەداتەوە ((زەمەن یاخود كاتی گێڕانەوە بە گشتی لەناو هەموو تێكستە ئەدەبییەكاندا بە پێی توانستی نووسەرەكە پانتایەكی زۆر بەر فراوان و قووڵی داگیر كردووە چونكە هەموو باس و ڕووداو و ڕاستەوخۆ پێویستیان بە زەمەنێكەوەیە چونكە بەبێ بوونی كات هیچ كاتێك ڕووداو بوونی نابێت، كاتێكی تر ئەو زەمان و كاتەیە ئەم ڕووداوانە و باسانە دروست دەكات لە تێكستیكی ئەدەبیشدا كات واڵیە لەبەردەم نووسەردا و نووسەر ئازادە لە بەكارهێنانی كات ڕابردوو ئێستا داهاتوو دیار و نادیارەوە چونكە هەریەك لەم كاتانە لە زەمەن و لە زەمەنی نووسیندا كاریزمایەكی خۆیان هەیە بەتایبەت ئەگەر بەتوانا و بنەمایەكی لۆژیكی و فەلسەفە دانرابێت.)) (ڕەوف: ٢٠٠٩: ١٧٢)

((گێرانەوە بەبێ كات نایەتە بەرهەم)) (ساڵح :٢٠٢٣: ١٤٣). گێڕانەوە لە بەرهەمێكی ئەدەبیدا بەبێ بوونی كات هیچ مانەیەكی ئەوتۆ نایەت بەدەستەوە، چونكە یەكێك لە جەوهەریەكانی ناو ڕۆمان بریتییە لە بوونی كات لە ڕۆماندا یا هەر ژانرایەكی تری ئەدەبیات، بوونی كات، دەبێتە دەستپێكی گێرانەوە لە ڕۆماندا، زیاتر چێژ دەبینین لە خوێندنەوە بۆ ڕۆمانەكە.

((كات وەك توخمێكی هەرە گرنگی ڕۆمان پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ هونەرەكانی گێڕانەوە هەیە چونكە گێڕانەوە بە هۆی كاتەوە بە دیاردەخرێت و ڕوون دەكرێتەوە)) (سەمیر: ٢٠١٥: ٤٩)

هەروەها یەكێك لە سیفەتە هەرە گرنگەكانی كات ئەوەیە كە هیچ كاتێك پێشینە و پاشینە بەیەك ناگەن ((كات دووبارە نابێتەوە)) ( ئەڵوەنی : ٢٠٠٣: ١٩).

((كاتی ڕۆمان ئەو كاتە ڕێژەییە كە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان و جووڵانەوەی كەسایەتییەكان لە ئێستا و ڕابردوو ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێكستەكە ڕێكدەخات)) ( ئەلوەنی: ٢٠٠٣: ٢٣)

((ڕۆمان خۆی هونەرێكی زەمەنییە هەر لە سەرەتاوە ڕۆماننووسەكان دەركیان بەوە بردووە كە گێڕانەوەی ڕۆمان و بنیاتی كات ئەو گێڕانەوە لە یەك جیا نابنەوە)) (ئەڵوەنی: ٢٠٠٣: ٥٢).

کردارەکانی ناو گێڕانەوەیەک دەرئەنجامی ئەو خوڵقاندنەیە کە ڕۆماننووس لەناو کاتدا دروستی دەکات، کە ڕێڕەوی ژیانی کارەکتەرەکان و پەرەسەندنی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کات و زەمەندا دەیانخوڵقێنێت. ڕەنگە ئەو بڕیارانەی لە ڕابردوودا دراون، دەنگدانەوەیان هەبێت بۆ داهاتوو، کاریگەری شەپۆلاوی دروست بکات کە ڕەوتی گێڕانەوە و چارەنووسی کارەکتەرەکان دەگۆڕێت.

((زۆر جار گێڕەوە لە ئێستای گێڕانەوە دەست پێدەکات کات و لە جیاتی ئەوەی بەرەو داهاتوو بڕوات دەگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، دواتر باس دەدات بۆ داهاتوو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی گێڕانەوە)) ( سەعید:٢٠٠٩: ٩٦).

"جێرار جێنێت" یەکێکە لە ڕەخنەگرەکان کە بایەخی داوە بە میتۆدی گێرانەوە، بە گرنگییەوە باسی ئەم بابەتە گرنگە دەکات، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەم چەمکە ئەدەبییەی کۆڵیوەتەوە، ((بە بیروبۆچوونی "جێنێت" ماوەی ڕووداوی حیکایەت و ماوەی درێژی خوێندنەوە کە پەیوەستە بە گێڕانەوەوە تەنها ئەو کاتە یەکسان دەبن کە گێڕەوە لە گێڕانەوەدا دەپرژێتە سەر پیشاندانی قسە و گفتوگۆی کەسایەتی نێو ڕۆمانەکەی لەبەر ئەوەی نمایش حاڵەتێکی گفتوگۆیە، کە ماوەی ڕووداوەکانی حیکایەت وە ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەرامبەر دەکات، لەم ڕێگایەوە درێژە بە گێڕانەوە دەدات بەمەش هەمان ئەو بڕەیە بۆ گێڕانەوە و پیشاندانی گفتوگۆی کەسایەتییەکان پێویستەوە هەمان بڕ و کاتیش بۆ خوێندنەوەی دەقەکە پێویستە)) (عەزیز: ٢٠٢٣:٥٨).

"جێنێت" لە لێکۆڵینەوەی کاتی گێرانەوە لەڕۆماندا پشت بەو کاتە دەبەستێت کە نووسەر دایڕشتووە. پێی وایە کات، گێرانەوەی بابەتەکە دیاری دەکات و فرەلایەنی بابەتیش دەبەستێتەوە بە کاتەوە.

((جێرارد جێنێت، لە ئەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوە لە توخمی گێڕانەوەدا بە وردی پرسی زەمەن لەم پێکهاتەیەدا شرۆڤە دەکات، بە پشتبەستن بە بینای ئەدەبی و گێڕانەوە بە تایبەتی ڕۆمان و چیرۆک، هەوڵدەدا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئاوڕ لە توخمی گێڕانەوە بدا تیۆرییەکەی جێنێت، لەم نێوەندەدا کۆمەڵێ چەمکی نوێی لە بواری گێڕانەوەدا دەناسێنرێ بەهۆیەوە گێڕانەوە لە چوارچێوەی کات بەسەر چەند ئاڕاستەیەکدا دابەشدەبن ئەوانیش ڕێکخستن و بەردەوامی و پاتکردنەوە)) (حسێن : قادر :٢٠٢٢: ٤)).

((کات خۆی لە دوو شێوازدا دەبینێت: ١- ڕێچکەکانی کات ٢- سیستەمی کات

ڕێچکەکانی کات لە ڕۆماندا شێوەیەکی سروشتی نییە و ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک بەڕێوە ناڕوات بەڵکوو ئەم ڕیزبەندییە لە ڕۆماندا تێکدەشکێت و کاتی ڕۆمان و کاتی گێڕانەوە هاوتەریب نابن چونکە ڕۆماننووس ئازادە چۆن کاتی ڕۆمانەکەی پێش و پاش دەخات و جڵەوی ڕووداوەکانی بە دەستە، ئەویش لە دوو جۆردا دەبینرێتەوە: ڕێچکی داخراو و ڕێچکەی پێشخراو.

ڕێچکەی داخراو: کردارێکە لە گێڕانەوەدا یاخود ڕێچکەیەکە گێڕەوە بە کاری دەهێنێت بە جۆرێک لەو ڕووداوانەی کە ئێستا دەیگێڕێتەوە دەوەستێت دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕووداوانەی لە کاتی خۆی بە سەریدا تێپەڕیوە و نەیگێڕاوەتەوە. بەمەش درێژە بە کاتی گێڕانەوە کە دەدات و زیاتر بە مەبەستی ئەوەی ئاماژە بە کارەکتەری ئەو ڕووداوە بکات کە دەکەونە پێش کاتی ئێستا.

زۆرێک لە ڕەخنەگران پۆلێنی جیاوازیان بۆ جۆرەکانی داخراو کردووە، بەڵام ئەوەی لە هەمووان باوترە و هاودەنگن لەسەری پۆلێنەکەی جێرار ژێنێتە، دواخراوی ناوەکی و دواخراوی دەرەکی و دواخراوی تێکەڵە.

ڕێچکەی پێشخراو: مەبەست لەم ڕێچکەیە بریتییە لە پێشخستنی ڕووداوەکان کە لە داهاتوودا ڕوودەدەن و ئێستا باسیان لێوە دەکات. واتا بە پێچەوانەی ڕێچکەی داخراوەیە، گێڕەوە دێت لە ئێستاوە بۆمان باس لە کات و پێش کاتی ڕووداوەکە. جووڵەی کات لە ڕووی خێرایی و سست خێرایی یاخود سستی لە هەر دەقێکی ئەدەبی دیار بوو بۆ جیاوازیی نێوان ئەم دوو کاتە دەگەڕێتەوە ئەویش کاتی ڕۆمانە لەگەڵ کاتی گێڕەوەدا لەبەر ئەوەی کاتی ڕۆمان مەبەست لێی ئەوەی کە هاوشەی کاتی سروشتییەو لەگەڵ کاتی زەویدا یەک دەگرێتەوە بەپێی کاتی لۆجیک دەڕوات لەدوای یەک بەدواداهاتنی کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵە یاخوود زەمەنی ڕابردوو ئێستا و داهاتووە، بەڵام کاتی گێڕانەوە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆماننووس دایە و دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی یاری پێبکات و پێش و پاشی کات یاخود ڕووداوەکان لە چەندین ساڵ لە چەند دێڕێک و زمانی کوردیدا باس بکات و بە پێچەوانەوە و ڕووداوەکاندا  بۆ زەمەنێکی درێژ بگێڕێتەوە هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسە و سیستەمی کات بۆ دوو بەش دابەشکراوە ئەویش خێرایی کات و سستکردنی کاتە)). (حسێن، عومەر: ٢٠٢١).

کات ڕێگە بە بەکارهێنانی پێشبینیکردن و پاشگەزبوونەوە دەدات، کە ئاماژە بە ڕووداوەکانی داهاتوو یان ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە گێڕانەوەکەدا دەتوێتەوە. پێشبینیکردن پێشبینی و جێگیربوون دروست دەکات، لەکاتێکدا گەڕانەوەی پاشگەزبوونەوە قووڵی و ئاڵۆزی بۆ کارەکتەرەکان و هێڵی زیاد دەکات، پاڵنەر و ڕاستییە شاراوەکان ئاشکرا دەکات. ئەوەش لەبیر نەکەین ڕەنگە گێڕانەوەکان لە ناتەبایی کاتی بکۆڵنەوە، کە کارەکتەرەکان کات بە شێوەیەکی جیاواز ئەزموون دەکەن یان کات بە شێوازی ناکۆک هەست پێدەکەن. ئەمەش دەتوانێت لە ئەنجامی زەبر و زەنگ، لەدەستدانی یادەوەری، یان گۆڕانی باری هۆشیارییەوە بێت، کە تێگەیشتنی خوێنەر لە واقیع و ڕاستی لەناو گێڕانەوەکەدا ڕەنگدەداتەوە.

خستنەڕووی کات لە گێڕانەوە داوا دەکات کات بە سەر دوو جۆر دابەش ببێت ئەوانیش بریتین لە ((کاتی ئەقلی و کاتی سروشتی)) ( ئەڵوەنی: ٢٠٠٣ :١٩)

کاتی سروشتی ئەو کاتە سروشتییەکە لە کاتی ئێستادا تێیدا دەژین و زەمەنی تێدا بەڕێدەکەین، کاتی عەقڵی لەسەر بنچینەی یادگە و پێشینی دامەزراوە، یادگە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە پێشبینیش وەک لە ناوەکەیدا دیارە بەستراوەتەوە بە داهاتووەوە.

هەروەها د. نەجم لە کتێبی "تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان" زەمەن یاخوود کاتی دابەشکردووە بەسەر چەند زەمەنێکدا لەوانە: ((زەمەنی نێو ڕۆمان کۆمەڵێک پۆلێنی بۆ کراوە وەک

١- زەمەنی واقعی

٢- زەمەنی دەروونی

٣- زەمەنی ڕووداو

٤- زەمەنی کارەکتەر

٥- زەمەنی گێڕانەوە

٦- زەمەنی نووسین

٧- ((زەمەنی خوێندنەوە)) (ئەڵوەنی:٢٠١٧: ١٢٥)

هەروەها دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی دەستنیشانکردنی کاتی ناو ڕۆمان بکەین ((ئەویش کە بەپێی پێگە و دەرکەوتنی لە دەقەکەدا کات دابەشدەکەین بۆ سێ جۆر بریتین لە: ١. کاتی مێژووی واقعی ٢. کاتی دەروونی ٣. کاتی خورافی)) ((ساڵح،٢٠٢٠، ٥١٥))

دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کات لە ڕۆمانی نوێدا گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، ((لە ڕۆمانی نوێدا چەمکی کات گۆڕاو و کاتی ناو ڕۆمان لە یەکچوونێکی ئەوتۆی لەگەڵ کاتی واقیعی نەماوە، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕان و تێکەڵاوانەی کە لەناو کاتی گێڕانەوەدا ئەنجام دەدرێن، ئەمە سەرەڕای لادانی ئاشکرا لە کاتی لۆجیکی بە دروستکردنی کاتی وەهمی بۆیە لە ڕۆمانی نوێدا تاکە کاتێک کە هەبێت کاتی خوێندنەوەیە)) (حاجی: ٢٠٠٩: ١١٧)

((فەیلەسوف و زانایان و بیرمەندانی سەر بە تیۆری ماتریالیزم ئەوە دوپاتدەکەنەوە، کە کات دیاردەیەکی بابەتی و ماتریالی و ڕێژەییە و دەکەوێتە دەرەوەی هەست و هۆشی مرۆڤ، ئەم بۆچوونەش واقعیەتی مەوزوعی کات پیشاندەدات، بە پێچەوانەی فەیلەسووفە ئایدیالیە خودییەکانەوە، کە (کانت) یەکێکە لە فەیلەسووفە ناودارەکانیان دەیانگووت کە کات یەکێکە لە شێوەکانی تێگەیشتنی مرۆیی واتە ئەگەر مرۆڤ نەبێت کاتیش بوونی نامێنێت.)) (ئەڵوەنی: ٢٠٠٣:١٦)

بەپێی سەرجاوە فەلسەفیەکان میتۆدی کات یەکێک لە پایە گرنگەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئێمانوێل کانت – ١٧٢٤ – ١٨٠٤ بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا کاریان لەسەر میتۆدەکانی کردووە لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەگرانی دنیای ئەدەب ئاوڕێکی گرنگیان لە میتۆدی کات داوەتەوە، هەندێک گێڕانەوەی کات لە ڕووداوەکان بێ کۆتایی دووبارە دەبنەوە یان دەبنە هۆی دژایەتی لەناو هێڵی کاتیدا. ئەم توخمانە پرسیاری فەلسەفی سەبارەت بەو ئیرادەی ئازاد و سروشتی واقیع دەوروژێنن و خوێنەران بانگهێشت دەکەن بۆ ئەوەی بیر لە ئاڵۆزییەکانی کات و هۆکارگەرایی بکەنەوە.

بەگشتی لە ئەنجامی خوێندنەوەی تەواو بۆ ڕۆڵی کات لە گیڕانەوەدا دەتوانین بڵێین ڕۆڵی کات فرە لایەنە لە گێرانەوەدا، کاریگەری هەیە لەسەر هەموو پێکهاتە و گەشەکردنی لەناو ڕۆماندا.

هەروەها پێکهاتەی کاتی جۆراوجۆر بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی مانا. گێڕانەوەی هێڵی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە شێوەیەکی هێڵی پێشدەکەون، لە کاتێکدا گێڕانەوەی ناهێڵی ڕەنگە لە کاتدا باز بدەنە پێشەوە و دواوە و ئاڵۆزی و قووڵی دروست بکەن. فلاشباک، فلاش-فۆروارد و هێڵە کاتییە هاوتەرییەکان نموونەی پێکهاتە کاتییەکانن کە دیدگای جیاواز لەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکان پێشکەش دەکەن.

ڕەنگە گێڕانەوەکان کاتێکی خولی لە باوەش بگرن، کە ڕووداوەکان لە خولێکی لەدایکبوون، مردن و نوێبوونەوەدا دووبارە دەبنەوە، یان کاتێکی هێڵی، کە ڕووداوەکان بەبێ وەستان بەرەو خاڵێکی کۆتایی جێگیر پێشدەکەون. هەڵبژاردنی چوارچێوەی کات دەتوانێت تەوەر و جیهانبینی گێڕانەوەکە لە قاڵب بدات، کە ڕەنگدانەوەی دیدگای کولتووری، ئایینی، یان فەلسەفییە بۆ کات.

ژانری ڕۆمان بەتایبەتی ڕۆمانی کوردی وەک ئەوەی ئێستا هەیە نەتوانراوە ئاوڕی دڵکارانەی لێبدرێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ چەند خالێک دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەگرانی کورد نەیانتوانیووە سوود لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان ببینین، لێرەوە وامان لێدەکات بگەڕێینەوە سەر ئەو میتۆدانەی کە لە ڕۆژئاوا سەریان هەڵداوە، بەتایبەتی لەلای (کانت، دێکارت، ژولیا کریستیفیا، میخایل باختین) کە هەر یەک لەمانە لەدیدی خۆیانەوە سەلیقەی خۆیان بەکارهێناوە بۆ پێشخستنی ڕەخنەی ئەدەبی و بەرهەمی ڕۆژئاوایی.




ڕۆمانی (ماڵی نانی) جگە لە هونەری گێڕانەوە (کاروان عومەر کاکە سوور) لەڕێی خۆی و زمانی کارەکتەرەکانییەوە شەقامێکی قەڵەباڵغ لە تیۆری پڕاکتیک پاکبکاتەوە، خاڵی سەرنجی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە کە ڕۆماننووس توانیویەتی لە تیۆری پڕاکتیکدا کارەکتەرەکان بەجۆرێک ژیان و گوزەرانییانەوە بداتە نێو ئەو شەقامەی کە بەتیۆری پڕاکتیک ناوی دەبەن، چونکە هەریەکەیان لە ژینگەی جوگرافیا و مێژووی جیاوازەوە پیاسە بە نێو ڕووداوەکاندا بکەن، گەر ئاوڕێکی خێرا وەک نموونەیەکی زیندوو لەناوەخنی ئەم باسەماندا بهێنینە سەر باس، ئەوا بەبێ دوودڵی لەڕێی تیۆری پراکتیکیەوە دەکەوینە نێو ڕۆمانی ڕۆژئاواییەوە وەک: - (گورگی ڕووتەڵان، هەرمان هێسا، ١٩٨٤، جۆرج ئۆرێوڵ، سۆفیگەری کازانتزاکیس) کە ئەمانە هەر هەموویان لەڕێی تیۆری پڕاکتیکەوە بایەخێکی سەرسوڕهێنەریان بەو دایەلۆگانە داوە کە لەناو کارەکتەرە جیاوازەکانیاندا بایەخیان پێداوە. بە بۆچوونی من لەڕووی تیۆری پڕاکتیکەوە سەنگ و قورسای خۆیان هەیە، ئەگەر نموونەیەکی زیندووی ئەو ساڵانەی دوایی وەربگرین، نموونەی ڕۆمانی شاری کوێرەکان لەنووسینی خۆزێ ساراماگۆ ئەوا بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ساغدەبێتەوە کە کوێرەکانی ناو ئەو ڕۆمانە بەناو ئەو شەقامانەدا تێدەپەڕن کە هیچ شتێکیان لێوە دیارنییە ئەمەش تەکنیکی ئەو نووسەرەمان بۆ دەردەخات کە کاری لەسەر دەکات.

کاروان عومەر کاکە سووریش لە ڕۆمانی ماڵی نانیدا بەهەمان جۆر بەنێو ئەو شەقامانەدا هەنگاو دەنێت، کە لە سەدەی ڕابردوودا ڕوویانداوە و ئێستا بۆتە شەقامێکی پڕ لە هەراوزنای دیالۆگ کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لە ژینگەی جیاوازەوە دێن و دواجار بەپێی تەکنیکی کاروان کاکەسوور لەناو ڕێکخراوێکی سیاسیی ئەو سەردەمەدا ڕێکیان دەخات و وەک ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیریی دەیانبەستێتەوە،

بە جۆرێک لەکاتی خوێندنەوەیدا دەکەوینە ناو پەرجۆ- سحری زمانی گێڕانەوەی نێو ڕۆمانەکە، بەروونی بەدیار دەکەوێت، ئەمەش دەلالەتێکە لە شێوازی تیۆری پراکتیک لەم ڕۆمانەدا لەڕێی زمان و هونەری گێڕانەوە بەدیار دەکەوێت، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شارەزایەکی بەرفراوانی لە ئەدەبی ڕۆژئاوا و فەلسەفە و هزری ئەواندا هەیە، ئەمەش دەلیلێکی حاشاهەڵەگرە، ئەمەش لە ڕۆمانەکانی کاروان کاکەسوور ڕەنگدەداتەوە، بەتایبەت لە ڕۆمانی ماڵی نانی و کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان.

هەر وەک ئەوەی زانراوە تیۆری پراکتیکی پڕۆسەیەکە لە زمان و هونەری گێڕانەوە ڕووداو و کارەکتەرەکاندا پێکەوە لەنێو بازنەیەکی فراواندا بەرکەوتنیان هەیە کە هەموو ئەمانە دەکەونە خانەی خزمەتکردن بە دنیای ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی.

کات لە ڕۆمانی ماڵی نانیدا زەمەنێکی بەیەکبەستراوی دانەپچڕاوە، بەڵام کاروان عومەر کاکەسوور بە شێوەیەکی ژیرانە توانیویەتی کات لەناو چیرۆک و کارەکتەرەکاندا دروستبکات، بەوەی کە نووسەر بە ئاگاییەوە ئاوڕی لەمیتۆدی کات داوەتەوە.

کاروان عومەر کاکەسوور یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە ئاگاوە تەکنییکەکانی گێرانەوە بەکاردەهێنیت لە ڕۆمانەکانیدا، لە ماڵی نانیشدا بەهەمان شێوە هەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکەوە ئاماژە بە تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات کە ڕۆماننووس دەڵێت: ((دەمێکە مۆدێلی گێڕانەوەی زنجیرەیی نەماوە بەڵکوو ئەمڕۆ هونەری نووسین ئەوە بە سەرنووسەردا دەسەپێنێت کات و شوێن لەتوکوت بکات.. هەر پارچەیەکیان بخاتە لایەک بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی ئەم پارچانەی بدۆزێتەوە و بەیەکیانەوە بلکێنێت.)) (کاکەسوور: ٢٠١٤: ٨ )).

کاروان لەم ڕۆمانەدا دەیەوێت زنجیرەی گێرانەوە گۆڕانکاریی تێدا بکات کۆتایی ڕۆمانەکەی کردووە بە دەستپێک کە ئەمە وا لە خوێنەر دەکات بەزوویی دەستبەرداری خوێندنەوە نەبێت و بەردەوام بێت تا دەگاتە کۆتایی ڕۆمانەکە. ئەمەش بەشێکە لەو تەکنیکەی کە وەک فلاشباک بەردەوام شتی نوێمان پێدەڵێت.

هەروەها دەتوانین بڵێین ڕۆمانێکە دەکەوێتە قاڵبی مێتاڕۆمانەوە، کە جگە لە گێڕانەوە جۆرێک لە زانیاری ئەدەبی تێدا بەدی دەکرێت، هەر وەک چۆن لە نموونەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

سەرەتای ڕۆمانەکە دەمانگێڕێنێتەوە بۆ ڕووداوێک کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕووی داوە، ئەمەش پەیوەندی بەو کاتی داڕشتنەوە هەیە کە ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی تێدا نووسیووە، دەیەوێت ئەو شێوازە زنجیرەییە تیکبشکێنێت، کاتی کۆتایی هێناوەتە سەرەتای ڕۆمانەکە، ئاماژە بەوە دەدات کە کەسێکی گرنگی ناو ڕۆمانەکە کوژراوە،

((نەدەکرا نەخێر بە هیچ شێوەیەک، نەدەکرا ئەم چیرۆکە لە ژیاندا بگێڕێتەوە لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کۆتاییەکەی نەدەزانرا ئێستا مادەم مردووە ڕاستتر مادەم کوژراوە هەلێکی باشی بۆ ڕەخساوە تاکوو لە نوکەوە بیگێڕێتەوە....)) (کاکەسوور: ٢٠١٤: ٧).

هەروەها وەک لەلایەنی تیۆرییەکەدا ئاماژەمان بە بوونی دەکەوتنی کات کردووە یەکێک لە دەکەوتنەکانی کات لە ڕۆماندا دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دەروونی، لەم ڕۆمانەشدا بە ئاشکرا ئەو کاتە دەروونیانە هەست پێدەکرێت لەم ڕۆماندا، هەر چۆن لەسەرەتادا باسی مردن و کوشتن دەکات و خوێنەر دەخاتە بەر خەیاڵێکی قوڵی پڕ کارەساتئامێزەوە کە پێمان دەڵێت ڕۆمانەکە پڕیەتی لە ڕووداوی تراژیدی.

پاشان یەکێکی تر لە دەرکەوتنەکانی کات لە ڕۆماندا کاتی مێژووییە، لێرەدا ڕۆماننووس بە ئاشکرا ئەم دەرکەوتنەی کاتی تێدا بەدیدەکەیت، کە باسکردنی کاتی واقعی یاخود مێژووی کارەکتەر و ڕووداوەکانی نیو ڕۆمانەکەیە.

((دەچێتە سەر کورسییەکە بەڵام هێشتا دەستی بە چاکی پێی ناکات تەمەنی هەر یانزدە ساڵە با بڵێین نزیکی دوانزە ساڵە چونکە ئێستا مانگی ئادارە و ئەم لە سێی ئەپرێڵی ساڵی شەست و یەک هاتووەتە دنیاوە)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ١٦))

لە ڕووداوەکانی دواتردا ئەم کاتە دەروونییە بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی کە کوڕەکەی نانی و دکتۆرێک دەکەونە گفتوگۆوە، پاشان وا هەستدەکات کە هەموو ئەو پرسیار و وەڵامانە خەون بوون لێرەدا دەکەوێتە حاڵەتێکی دەروونی و کاتێکی دەروونی تر لە ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە بەرچاو: ((سەرەتا نازانێت کوێیە هەست دەکات هەموو ئەو شتانە خەون بوون ئەوەتا هێشتا وێنەکە بە قەدی دیوارە ماوە بەڵام هەندێک گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە بەوەی دایکیشی بە قژێکی کورتەوە لە تەنیشتی وەستاوە... ورده ورده تارماییەکانی بەرامبەری ڕوونتر دەردەکرێت نەخێر خەو نییە بەڵام لە ڕاستیش ناچێت...)) (( کاکەسوور:٢٠١٤: ٢١)).

هەروەها لە درێژەپێدەری ڕووداوی نیو ڕۆمانەکەدا زیاتر هەست بەو کاتە دەروونیانە دەکەین کە ڕۆمانەکەی لەسەر بنیات نراوە، ((لە سەردەمی هەرزەکاری خولیای یاری و فووتبۆڵ و لە گەنجی تا شێتی نووسین و شیعر دەبێت بەڵام لە هەردووکیان شکست دەهێنێت و ڕوو لە یاریی ئاسن دەکات ئەو خەونانەشی زۆر زوو هەرەس دەهێنێت دەڵێت: تۆ دەزانی هیچ کەس لەو شتە سەرکەوتوو نابێت کە هیوای بۆ دەخوازێت؟! دەزانێت ئێ دەزانیت ئێمە هەر ئەوش دانە بە دەست دەهێنین کە بیرمان لێ نەکردوونەتەوە...؟!)) (( کاکە سور: ٢٠١٤: ٥٠))

لێرەدا دەکەوینە بەر حاڵەتێکی ڕەشبینی، دەڵێت لە ئێستاوە ((گەیشتووەتە ئەوەی بڵێت خەڵک گەورەترین نەهامەتی ئەم دنیایەیە باوەڕی وایە دوو جۆر مرۆڤ هەن جۆرێکیان خەو هەر کاتێک بیەوێت وە پەنا ئاماریان دەدات ئەوانیش هەوڵ دەدەن بۆ هەر ڕێگایەک بێت خۆیانی لێ بپارێزن لە ئەو بێدارییە وەکوو ئەوە وایە قۆچی گایەکی هارت کردبێت و بەردەوام پاڵی پێوە بنێیت نە باسکت هەڵبڕێت جۆری دووەمیان ئەوانەی خەو ڕوویان تێناکات بۆ ئەوەی لە پێناو هاتنیاندا هەموو ڕێگایەک دەگرنە بەر کە ئەو خەوە دەیان جار لێبەدارییەک ساغترە)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ٥١).

هەروەها نووسەر باسی ڕووداوێکی گرنگی سیاسیی دەکات کە کاتێکی مێژووی (واقعی)یە، ئەویش بەیانامەی ١١ی ئازارە، ((بەڵێ کچی تاقانەی کوڕەکەیەتی ئەوەی لە شار هاوڕێکانی ژەهر خواردیان کردووە بۆ باوەشی حکوومەت گەڕاونەتەوە هەر ئەم کچەشی لە دوای جێماوە بەشێکی زۆری مێژووی ژیانی بۆ دایکی گێڕاوەتەوە خەوتووە لە دەرەوەی نەخۆشخانە ڕێک لەسەر ئەو شەقامەی بەردەمی جەماوەرێکی بێشومار یادی بەیاننامەی یانزدەی ئادار دەکەنەوە کە ئەمڕۆ دوو ساڵ بە سەر مۆرکردنیدا تێدەپەڕێت.)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ١٧).

لە درێژەپێدەری ڕۆمانەکەدا جارێکی دی بنیاتی کات لەسەر ڕووداوێکی مێژووی بنیات دەردرێت کە دەڵێت ((ڕاستییەکەی لە شوباتی شەست و سێ تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و لە نەخۆشخانە دامەزراوە.. لە کودەتاکە دەگیرێت، گوایە یارمەتیی دووژمنانی شۆڕشی داوە لە ئەنجامی ئەشکەنجەدانی زۆردا هەستی بیستنی کز دەبێت وا دەزانیت هەموو خەڵک وەک ئەو گوێیان قورسە بۆیە زیاد لە پێویست دەنگی هەڵدەبڕێت... )) (کاکە سوور:٢٠١٤: ٥١).

((لەو سەرەتایەی کارەبای ئێواران بە هۆی شەڕەوە دەبڕێت، چرایەک دادەگیرسێنن کە تەنیا ئاستی تەختەی نووسین ڕووناک دەکاتەوە)) ( کاکەسوور: ٢٠١٤ ١٠١).

لێرەدا باسی ڕووداوێکی واقعی ترمان بۆ دەکات کە ڕووداوی شەڕی ئێران و عێراقە، لەو کاتەدا کارەبا بڕاوە.

نووسەر هەوڵی داوە زۆرێک لە کاتی واقعی و دەروونییەکانی سەدەی بیستەم ئاوێتەی نێو ڕۆمانەکەی بکات، خۆی بەدوورخستووە لە هەموو کاتە خەیاڵییەکان، دەتوانین بڵێین ڕۆمانێکە زۆرترین کاتی واقعی ئەو سەردەمە و گێرانەوەی مێژووی سەدەی بیستە....

((ڤیانی دووەم تاکو دێت زیاتر هۆگری براکەی دەبێت بە تایبەتی دوای نەمانی باوکی ئێستا لە پۆلی دووەمی سەرەتایی دەخوێنێت لە زۆر شت تێدەگات، زوو زوویش دەپرسێت ئاخۆ ئالین و دڵدار لە کوێن و کەی دەگەڕێنەوە ئەگەرچی شێوەیانی نایەتە بەرچاو بگرە هەر بیری نەماون، بەڵام خەونیان پێوەدەبینێت و بەیانیان بە وردی دەیانگێڕێتەوە...)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ١٠٧).

لێرەدا دەبینین نووسەر کاتێکی واقعی و کاتێکی دەروونی ئاوێتەی یەکتری کردووە، دوای باوک گەر کچێک خاوەنی برابێت، ئەوا پشت بە براکەی دەبەستێت، هەروەها باسکردنی قۆناغێک کە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە ئەویش قۆناغی دووەمە لە خوێندنی ڤیانی دووەم.

جارێکی تر دەکەوینە بەر کاتێکی دەروونی تر ئەویش ئەو کاتەیە، کە ژنێک تەرمی مێردەکەی لەکاتی خۆرئاوابووندا هێنراوەتە بەردەم ماڵەکەی، لە دوای نەمانی مێردەکەیەوە  ئێواران ئەو خانمە ناخۆشترین کاتەکانی دێتەوە بیر: ((ست بەرهەنگ پێی دەڵێت بۆیە هاتووەتە دەوامی ئێواران، چونکە هەر لەگەڵ خۆرئاوا دڵی دەگوشێت بەوەی لە کاتی خۆرئاوابووندا تابوتی مێردەکەی گەیشتووەتە بەردەرگا)) (کاکەسوور، ٢٠١٤، ١١١).

دەچینە سەر بەشی دووەمی ڕۆمانەکە، کە دەبوو لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا بێت، لەبەرئەوەی ڕووداوەکانی ئەم بەشە پەیوەندی بە سەرەتای ڕۆمانەکەوە هەیە، کەواتە لێرەدا دەبینین نووسەر تێکشکانی زنجیرەیی گێرانەوەی بەکارهێناوە کە ناونیشانی بەشی دووەمی داناوە بە دەرکەوتنی لامڕاها، بەڵام ناونیشانی بەشی یەکەمی بریتی بووە لە گەڕان بەدوای لامڕاهادا.

لەم بەشەدا  دەکەوینەوە بەر ئەو ڕووداو و کات و گرێ نامۆیانەی کە لە بەشی یەکەمدا هاتۆتە بەردەمان، پتر هانیداوین بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، زۆرێک لە وەڵامەکانمان دەستدەکەوێت.

لێرەدا دەکەوینە بەر کاتێکی پێشینە (("ئامانج" واتا "باوک"م! ئەگەر نەمردایە، ئەوا ئەمڕۆ بەڵێ ڕێک ئەمڕۆ کە سێی ئەپڕێلی ساڵی دوو هەزار و حەوتە تەمەنی دەگەیشتە چل و شەش بەهاری تەواو ئایا سەیر نییە من بێ ئەوەی ئاگام لێ بێت ڕۆژێکی ئاوام بۆ گەڕاننەوە هەڵبژاردووە.)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ١٢٣).

کاتی دەروونی لەم ڕۆمانەدا باڵی کێشاوە بەسەر تەواوی ڕۆمانەکەدا، نووسەر لەڕێگای ئەم کاتە دەروونیانەوە چەندین ڕووداوی واقعی دروستکردووە، ڕاستر وایە بڵێم بەهۆی ئەو کاتە دەروونییەوە وا لە خوێنەر دەکات زیاتر و زیاتر بەدوای ڕۆمانەکەوە بکەوین.

((سەیر ئەوەیە بە منداڵی خەون و زیندەخەون بەوە دەبینم بفڕم و بچمە ئاسمان دەبوورامەوە و دنیایەکی ترم بە چاوی خۆم دەبینی کاتێ بە ئاگا دەهاتمەوە چی چیرۆکی سەیر سەیرم بۆ منداڵانی گەڕەک دەگێڕایەوە کە هەندێکیان هەڵبەست و هەندێکیان نیمچە ڕاست بوون ئەم سەر بوردەیەش بۆ دوایی هەڵدەگرم..))

(( کاکەسوور: ٢٠١٤: ١٢٤). دەزانین کە لە تەمەنی منداڵیدا زۆرجار خەون بەوە دەبینین بفڕین و بچینە ئاسمان، زۆر کات ئەو خەونەشمان بینیووە، بەهەمان شێوە ئەمەش کاتێکی دەروونییە کە لە مناڵی هەمووماندا بوونی هەیە.

((سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری هەشتا و حەوتەو تیشێرتێکی نیلی و شۆرتێکی هەناریم پۆشیوە قوڵەکانم لە دەسکی جانتایەکی چەرم هەڵکێشاون کە مەتارەیەک ئاو دوو دەفتەر یەکێکی سپیەڕەی و دانەیەکی شەستپەڕەیی قەڵەمێکی ڕەساسی لاستیکێک و قەڵەم دارێکی تێدایە هێشتا کتێبم وەرنەگرتووە لەناو کۆمەڵێک منداڵی لە خۆم گەورەتر وەستاوم بۆیە دەڵێم کۆمەڵێک منداڵی لە خۆم گەورەتر چونکە من بچووکی هەر هەموویانم بەوەی لە (پێنج ساڵی و چەند مانگێک) خراومەتە قوتابخانە گوایە ڕادەی تێگەیشتن لە چاو تەمەنم دا زۆر بەرزە)). (کاکەسوور: ٢٠١٤: ١٢٨).

لێرەدا نووسەر کاتی گیرانەوەی ڕۆمانەکە بە ئاشکرا پێدەڵێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٧)، دەبێتە کاتێکی واقعی چونکە لەو سەردەمەدا لە مانگی ئۆکتۆبەردا دەستیان بە خوێندن کردووە.

((ڤیانی دووەم پوورم کێبڵی تەلەفۆنی لە دیوار دەردەهێنێ کە دایکم دوای کوژرانی مێردی یەکەمی لە شەڕی قادسییەدا بە خۆڕایی وەریگرتووە یان با بڵێ حکوومەت وەکوو پاداشتێک پێی داوە بێگومان پوورم بۆیە ئاوا دەکات نەبا یەکێک زەنگمان بۆ لێت دات و من پێی سەخڵەت ببم وا دیارە ئەویش زانیویەتی بە دەست چ دەردێکەوە دەناڵێنم ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر ئازارم دەدات تامی دەممە کە ڕێک دەڵێی گۆشتی سوور تا ئاوم خواردووە ئێستا تا قەزەنگێک مابێ لە ماڵ لە ماڵی لا ببەن ئەوەیە ئامانجە ئەم لەوەتی شەڕ دەستی پێکردنەوە ڕاستن لەوەتەی بۆ سەربازی بانکراوە ژێرزەمین دەژی و کەس نایبینێت دایکم پوورم وای پێداڵێم کەچی لای خەڵک گوتوویەتی سەری هەڵگرتووە و نازانن لە کوێیە، زۆر بە دوای داگەڕان و نەیدۆزنەوە هەر زوو زووش ئاگادارم دەکەنەوە ئەم نهێنییە لە دەرەوە نەدرکێنم چونکە بە درکاندنی کارەساتی گەورە ڕوو دەدات. ئەوەتا تەمەنم نزیکی شەش ساڵانە یەک جاریشم نەدیوە کە بە ساوایی لە باوەشی گرتبێت و ڕووماتەکان نیشمی ماچ کردبێت، بەڵام ڕاستیتان دەوێت من هیچ شتێکی ئەوم بیرمایەت..)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ١٢٩-١٣٠)).

لێرەدا باسی ڕووداو و کاتێکی مێژوویی واقیعمان بۆ باسدەکات ئەویش ڕووداوی شەڕی قادیسی نێوان ئێران و عێراق)ە، کە لە ساڵی هەزار و نۆسەدو هەشتاوە بۆ ساڵی هەزار و نۆسەدو هەشتا و هەشت دەستی پێکردووە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەو جەنگەدا گەنج و پیاوەکانیان دەنارده بەر بەرەکانی جەنگ، زۆرێک لە گەنجەکان خۆیان دەشاردەوە، ئەوەتا لێرەدا ئامانج یەکێکە لەو گەنجانەی کە نزیکەی شەش ساڵە لە ژێرزەمینێکدا خۆی حەشار داوە بۆ ئەوەی خۆی لە سەربازی و شەڕ بەدووربگرێت.

لە بەشی سێیەم و کۆتایدا ڕووداو و کاتەکانی گێڕەوە وەک خۆی ڕەنگدەداتەوە لە ڕۆمانەکەدا، هەست بەوە دەکەیت دەگەیتە ئەنجام و دیاریکردنی کاتەکانی نێو ڕۆمانەکە، سەرەنجام کاتەکان خۆیان لە زەمەنی واقعی زیاتر ڕەنگدەداتەوە، ((ڕاستییەکەی شوێنی شەڕەسەگیش کەمێ لە خوار قەسابخانەکەوەیە. دوای نیوەڕۆیانی ڕۆژی هەینی هەموو نێرینەکانی گوند بگرە هەندێ جار مێینەکانیش بە سەگەکانیانەوە دێن لەوێ کۆدەبنەوە ئەو گەماڵانەی بۆ یەکەم جار گەیشتوون کە بێگومان ئەفسەرەکان لەگەڵ خۆیان هێناون، تاقی دەکرێنەوە ئاخۆ دڕن توانای شەڕیان هەیە کاتێ ئازاریان پێدەگات ناقرووسکێنەوە لەوە ناشیرینتر نییە تۆ دانیشتووی گوندی سەربازی بیت و سەگی دۆڕاوی خۆت لە بەرچاوی خەڵکدا بکوژیت بۆیە هەتا ئەگەر تووڕەیەکەت بگاتە لوتکەش، پێویستە بیشاریتەوە و نەهێڵیت هەستت پێ بکەن ڕاستییەکەشی سەگە دۆڕاوەکان زۆر جار پەتیان لە مل دەکرێت و بۆ پشت ئەو گردە ڕادەکێشن تاکوو لەوێ بەدزی بکوژرێن کە هەندێک کەس بێ ئەوەی هیچیان لەبارەی تیۆرەکەی (توماسماڵتەس)ە بیستبێت ئەمە بە کارێکی چاک دەزانن بۆ ئەوەی ناهێڵێت ڕێژەی سەگ لەوە زیاتر بەرەو سەرەوە هەڵبکێشێت بەڕادەیەک کێشەی گەورەیان بۆ دروست کات.))

(کاکەسوور:٢٠١٤: ١٨٩-١٩٠)

لێرەدا زەمەنێکی پڕ لە واقعی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو، کە لە کەرکووکدا شوێنێک هەبووە هەموو هەینییەک شەڕەسەگی تێدا کراوە.
وردە وردە ڕۆمانەکە بەرەو کات و شوێنی جیاوازتر پەلکێش دەکات، کات بەرەو تێکشکاندنی یەک لەدوای یەک دەڕوات، هەر بەشە و پەیوەندی بە بەشێکی تری بەشەکانیترەوە هەیە.
هەروەها ڕووداوەکان بەرەو کاتی واقعی زیاتر پەلکێشدەکات، ((ڕاستییەکەی لە هەشتا و هەشتەوە گوزەرانی گوندە سەربازییەکان بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانی بەسەردا دێت ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم گۆڕانە زەقتر دەردەکەوێت سەیر ئەوەیە ناوچەکە لە ئەنجامی ئەنفالەکانەوە مەترسی پەلاماردانی موخەریبەکانی بە سەرەوە نامێنێت بەوەی شاخە هەرە سەختییەکانیشیان لێ پاک دەکرێنەوە تاکو ناو خاکی مەجروسییەکان هەڵیاندەبڕن... خەڵک نەک هەر لە گوندە سەربازییەکاندا خۆیان خۆیان دا گیانیان پارێزراوە، بەڵکو دەتوانن ئازادانە بۆ دووترین و سەخترین شوێنی باکووریش بچن بە مەرجێ وریای مینی چێندراو بن کە هێندە زۆر مرۆڤ ناتوانن بە دڵنیایی پێ لەسەر خاڵێک هەڵبگرێت لەسەر یەکێکی دیکەی دامنێ مینیش چ لەژێر زەوی بشادرێتەوە و چ لەژێر جلەکان واتا لەسەر جەستە ئەوە خەیاڵی مرۆڤ دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.)) (کاکەسوور:٢٠١٤: ٢٣٠-٢٣١).
وەک دەزانین لەدوای خاپوورکردنی گوندەکان و ئەنفالکردنی بەشێکیان، حکومڕانی ئەو سەردەمە هەستان بە مینڕێژکردنی گوندەکان دوای ئازادکردنی باشوور بەشێکی زۆر خاکی کوردستان لەو مینانە پاکرانەوە، ئەگەر لاشیان نەبردنایە ئەوا ئاماژەیەکیان دادەنا کە گیانی هاوڵاتیانیان دەپاراست، بۆیە ئەم کاتەش دەچێتە قاڵبی کاتێکی تری مێژووی و زەمەنێکی واقعیەوە.
((لەوەتەی (عەلی) ئەمیر لەگەڵە، پتر کاتی خۆی لە مزگەوت بە سەر دەبات بێگومان بۆ ئەو چاکترە لە براکەی دوور بێت کە هەتا دێت زیاتر شەڕی پێ دەفرۆشێت ڕەنگە وەک کوڕی مامۆستای زانست ڕۆژێک ئاوا نووکی چەقۆ لە ورگی بچەقێنێت و جووڵەی لێ ببڕێت بەڵکوو یەکێکە لە باشترین)) (کاکەسوور: ٢٠١٤: ٢٥٤).
بە شێوەیەکی فلاشباک دەمانگێڕیتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا لامڕاها باسی ڕوودانی کوشتنی هاوڕێیەکی دەکات دەڵێت: ((بێگومان باسی سەردەمی منداڵیم ناکەم کە بە چەقۆ ورگی کوڕێکم هەڵدڕی.)). (کاکەسور: ٢٠١٤: ١٢٠).
دەگەینە ئەو ئەنجامەی کات تەوەرەی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا پێکدەهێنێت، بەوەی هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کاتدا بەیەکیان دەبەستێتەوە. کاریگەریی کات لەسەر کارەکتەر لەوەدا دەردەکەوێت، کە بە هۆی ئەو بەردەوامییەی هەیەتی پرسیار لەلای خوێنەر دروستدەکات.

## ئەنجام:

١- گێڕانەوە لە ڕۆماندا بەبێ بوونی کات نابێت.
٢- ڕۆمان خۆی هونەرێکی زەمەنییە هەر لە سەرەتاوە ڕۆماننووسەکان دەرکیان بەوە بردووە کە گێڕانەوەی ڕۆمان و بنیاتی کات ئەو گێڕانەوە لە یەک جیا نابنەوە.
٣- شێوازی کات خۆی لە دوو شێوازدا دەبینێتەوە: ١- ڕێچکەکانی کات ٢- سیستەمی کات.
٤- زەمەنی نێو ڕۆمان کۆمەڵێک پۆلێنی بۆ کراوە وەک (زەمەنی واقعی و نووسەر و خوێندنەوە.)
٥- ڕۆمان خۆی لە دوو کاتدا دەبینێتەوە (ئەقڵی و سروشتی).
٦- لە ڕۆمانی نوێدا چەمکی کات گۆڕاو و کاتی ناو ڕۆمان لە یەکچوونێکی ئەوتۆی لەگەڵ کاتی واقیعی نەماوە.
٧- ئەم ڕۆمانە تێکشکاندنیەکی زنجیرەی کاتی لەخۆیگرتووە، کە ڕووداوی سەرەتا پەیوەندی بە کۆتای ڕۆمانەکەوە هەیە.
٨- کات لە ڕۆمانی "ماڵی نانی"دا زەمەنێکی بەیەکبەستراوی دانەبچڕاوە، بەڵام "کاروان عومەر کاکەسوور" بە شێوەیەکی ژیرانە توانیویەتی کات لەناو چیرۆک و کارەکتەرەکاندا دروستبکات، بەوەی کە کاتی هەر کارەکتەرێک بەستراوە بە ژینگەی مێژووی و جوگرافی کارەکتەرەکەی، ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە کە نووسەر بە ئاگاییەوە ئاوڕی لەمیتۆدی کات داوەتەوە.

## سەرچاوەکان:

### کتێب:

١- ئەسوەد: نەوزاد ئەحمەد: فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان: ٢٠١٥:ناوەندی غەزەلنووس:سلێمانی: چاپی یەکەم.
٢- ئەڵوەنی:نەجم: تیۆری کۆمەڵناسی ڕۆمان:٢٠١٧: چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین/هەولێر:چاپی یەکەم
حاجی:سەنگەر قادر: ٢٠٠٩:بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی: دەزگا و توێژینەوەی موکریانی: چاپی یەکەم.
٣- ڕەوف: لوقمان: بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا:٢٠٠٩:سەردەم:سلێمانی: چاپی یەکەم.
٤- ساڵح : دیمەن عەبدوڵڵا:٢٠٢٣: شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکیی) بەختیار عەلیدا: ناوەندی ڕەهەند: سلێمانی:چاپی یەکەم.
٥- کاکەسوور: کاروان عومەر: ٢٠١٤:ماڵی نانی: ناوەندی غەزەلنووس:چاپی یەکەم.
ساڵح: د. ئاوارە:٢٠٢٠: ناوەندی ئاوێر: شێواز لە ڕۆمانی کوردیدا (ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بەنموونە)،چاپی یەکەم.

## گۆڤارەکان:

١- کاکەسور:کاروان عومەر: ٢٠٢١:کات وەک پرسێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی من دا: گۆڤاری گێڕانەوە.
٢- حسین:عومەر: ڤیان قانع: موحسین ئەحمەد:٢٠٢١: بنیاتی شوێنی کات لە ڕۆمانی ( خەمی مەستوورە)ی (میران ئەبراهام)دا: گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە. ٢٠٢١
٣- حسین:قادر:فرهاد عزیز: کارزان محسین: ٢٠٢٢:زەمەنی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا بەپێی تیۆری جێراد جێنێت: گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان: ٢٠٢٢.
٤- عزیز: ڕەنجدەر ئازاد: ٢٠٢٣: کاتی گێڕانەوە لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"ی "فەرهاد پیرباڵ"دا لە ڕوانگەی (جێرار جێنێت).: گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە.
٥- عەلی:عەبدوڵا:ئارام عومەر: شوانە نوری: ٢٠٢٣: تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ی (عەتا محەمەد) دا.

## نامە ئەکادیمەکان:

١- ئەڵوەنی: نەجم: تیزی دکتۆرا: بینای کات لە سێ ڕۆمانی کوردی دا : ٢٠٠٣.
٢- ئیبراهیم: سەمیر ئەحمەد: نامەی ماستەر: هونەرەکانی گێرانەوە لە رۆمانەکانی (خوسرەو جاف)د: ٢٠١٥.
٣- عەزیز:بێستوون عارف: نامەی ماستەر:بابەت و خواستراو لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا: "٢٠٠٠-٢٠١٢":٢٠١٤.

**تانگۆ عادل محەمەد**

# ڕەخنەی ئەدەبی لە نێوان زانست و هونەردا

## زنجیرە وتارێکە دەربارەی میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی- بەشی یەکەم

### پێشەکی

ڕەخنە لە هەموو بوارەکان گرنگیی خۆی هەیە و هەمیشە هاندەرە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە بوارەکان و نوێگەریکردن تێیاندا . ڕەخنەی ئەدەبی گرنگی زۆری هەیە، چ بۆ نووسەر چ بۆ خوێنەر چ بۆ خودی ئەو بەرهەمەی، کە دەخرێتە بەر ڕەخنە. ناسین و ئاشنابوون بە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی هاوکارمان دەبێت لەوەی زیاتر لە کاری ڕەخنە تێبگەین و بەدوورمان دەگرێت لەو تێگەیشتنە نادرووستانەی لەبارەی ڕەخنەوە هەیە. ئەم وتارە دەستپێکی زنجیرە وتارێکە دەربارەی ڕەخنە ئەدبی بەگشتی و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی. لەسەرەتادا ئاشنایەتییێک لەگەڵ چییەتی ڕەخنە درووست دەکەین و دواتر لەدرێژەی وتارەکاندا هەوڵدەدەین هەر جارە و میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبی بناسێنین. هەوڵدراوە تەواوی وتارەکان هەر لە داڕشتنیان و نمونە هێنانەوە و نووسینی سەرچاوەکانیان بە شێوەیەکی زانستیانەبێت و بە زمانێکی ڕوون بخرێنە ڕوو.

### چەمک و زاراوەی ڕەخنە

زاراوەی ڕەخنە یان ڕەغنە، لە زمانی کوردیدا هەندێک جار نرخشناسی یان ڕەخنەسازی-شی بۆ بەکاردێت. لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە بە چەند واتایێک هاتووە لەوانە: تانە و سەرکۆنە، عەیب گرتن، شلی و سستی هەروەها قلّش(درز، کەلەبەر، ناتەواوی) لە واتای وشەکەوە وا دەردەکەوێت گەر بوترێت ڕەخنە لە فلّانە شت گیراوە، بە واتای ئەوە دێت کە کون و کەلەبەرێک یان ناتەواوییێک لە شتەکەدا هەبووە، ڕەخنەگرەکە هاتووە ئەم کەلێنەی دۆزیوەتەوە



لەدوای ئەمەوە دوو واتامان بۆ وشەی (گرتن) دێتە پێشەوە. گەر وشەی گرتن بە مەبەستی قۆڵبەستکردن یان وەستاندن وەربگرین وەک چۆن تاوانبارێک دەگرین و دەیوەستێنین لەوەی لە دەستمان دەربچێت. ئەوا مەبەستمان لە ڕەخنگر ئەو کەسەیە کە کەلێن و ناتەواوی بەرهەمێک دەدۆزێتەوە و ڕێگری دەکات لەوەی ئەو کەلێنە فەرامۆش بکرێت و هەوڵدەدات بەرچاوی بخات. لێرەدا ڕەخنەگر ئەرکی تەنها دۆزینەوە و بەرچاوخستنی ناتەواوییەکانە. بۆیە کاتێک لەدوای ماوەیەک هەڵەی بەرهەمێک دەدۆزرێتەوە، دەوترێت هەڵەکە بەسەر نووسەردا تێپەڕیوە یان دەربازی بووە، چونکە نەتوانراوە ئەو هەڵەیە ڕابگیرێت یان بگیرێت.

گەر بێت و گرتن بە واتای پڕکردنەوە و پینەکردن وەربگرین  وەک چۆن کونی حەوزێک بگرین ئاوی لێنەڕژێت، ئەوا ئەرکی ڕەخنەگر لێرەدا، هەر بەتەنها بە دۆزینەوەی ناتەواوییەکە ناوەستێت بەڵکو هەوڵدەدات چارەسەری ئەم ناتەواویەش بدۆزێتەوە.

زاراوەی ڕەخنە لەناو خەڵکیدا زیاتر بە مانای عەیب لێگرتن و تانە لێدان بەکارهاتووە بەڵام کاتێک لەناو زانست و ئەدەب و هونەردا بەکاردێت  وشەی ڕەخنە واتایەکی فراوانتر وەردەگرێت. تەنها لەم واتایانەی سەرەوە قەتیس نابێت.

وشەی ڕەخنە لەبەرامبەر وشەی ( κριτικόςکریتیکۆس) (LIDDELL,١٩٢٥,p٨٤٧) ی یۆنانی بەکاردێت کە بەمانای توانای دادوەری و تێگەیشتن دێت.  پاشان لە ئەوروپا وشەی ( criticکریتیک)ی بۆ بەکارهێنراوە لە زمانی عەرەبیدا وشەی(نقد) ی بۆ بەکاردێت  بە مانای  جیاکردنەوەی درهەم و دەرکردنی درهەمە ساختەکان لێیان (لابن منضور، ١٢٩٠، ٤٥١٩).

## پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی:

ڕەخنە وەک هەر چەمکێکی تری ناو ئەدەب  بە چەندین شـێوە پێناسـەی کراوە. بۆ تێگەیشـتنێکی فرەلایەن لە چەمکـی ڕەخنـە وا گونجاوە زیاتر لە پێناسـەیەک بخەینە بەر تیشـکی بیرکردنەوە. لەمەوە بەرەو ناسـینی ڕەخنە بڕۆین. بەپێی ئەو پێناسانەی کە لەبەردەستمانن ڕەخنە لە سێ ڕوانگەوەپێناسەکراوە ئامنیش بریتین لە:

١-  ڕەخنە  بە واتای خوێندنەوە بۆ دەق.

٢-  ڕەخنە وەک هەڵسەنگێنەر.

٣- ڕەخنە وەک ئاسانکارێک بۆ خوێنەر.

گەر سـەرەتا بێین ڕەخنە بناسـێنین وەک خوێندنەوە بۆ دەق ئەوا دەڵێین: ((بە واتا سـادە و سـاکارەکەی، ڕەخنە کارکردنە لەبارەی دەقی ئەدەبی، خوێندنەوەیە بۆ دەقی ئەدەبی)). (سـڵێوە، ٢٠٢٠، ١٢). لەم پێناسـەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەخنە هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە تێدەکۆشێت بۆ ئەوی خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بکات گەر دەقێکی ئەدەبی بخوێنینەوە، جیاوازە لەوەی بێین خوێندنەوی بۆبکەین. مەبەسـت لــە خوێندنەوە بۆ کردن ئەوەیە کاتێـک خوێنەری بەرهەمێک دوای خوێندنەوی دێت پێمان دەڵێت کە  چۆن و لە چ ڕوانگەیەکـەوە دەقەکـەی خوێندۆتـەوە و تێڕوانینەکانـی چییە لەبـارەی دەقەکەوە. لە پێناسـەیەکی تردا کە بەهەمان شـێوە ڕەخنە بە خوێندنەوە ناودەبرێت دەوترێت ((ڕەخنەی ئەدەبی  بریتییە لە خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ بەرهەمی ئەدەبی، یاخود بریتیە لە ڕوانگەیەکی تر بۆ دەقی ئەدەبی)) (شمیسـا، ١٣٨٥، ٢٧). لێرەدا چۆنییەتی خوێندنەوەکە دەستنیشـان دەکرێت بەوەی کە دەبێت جیاوازبێت. واتا لێرەدا ڕەخنە بریتیە لەوەی بەشێوەیەکی جیــاواز لــە خوێندنەوەیەکی ئاسـایی خوێندنەوە بــۆ دەق بکرێت و لێیــەوە چێژێکی جیاواز و زانیـاری جیاوازمان سەبارەت بەدەق دەستبکەوێت جیا لەوەی کە پێشتر خۆمان دەستمان کەوتووە لە خوێندنەوەی.




لە بەشێکی تری پێناسەکان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی وەکو هەڵسەنگێنەر یاخود دادوەری دەقی ئەدەبی سەیر دەکرێت. بۆ نمونە دەوترێت ((ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە ناسینی نرخ و بەهای بەرهەمی ئەدەبی و ڕاڤە و شیکردنەوەی، بە شێوەیەک کە چاک و خراپی ئەو بەرهەمە بنوێنێ و سەرچاوە و کانگایان پیشان بدات)) (حوسێن، ٢٠٠٧، ٣). هەڵبەت نرخاندن پێویستی بە پێوەری شیاو و زانستی هەیە هەم چ بۆ ئەوی چاکیی دەق نیشان بدرێت چ بۆ ئەوەی خراپییەکانی دەستنیشان بکرێت، چونکە بەبێ پێوەرێکی زانستیی شیاو ڕەخنەیەک لە گۆڕێدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە ستایش و لۆمە، کە ئەمەش دوورە لە کاری ڕەخنەگرەوە. هەربۆیە هەندی جار ڕەخنە بە پیوانەی دەق ناو دەبرێت وەک دەوترێت ((ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە پێوانەیەکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر باشی و دروستی و پۆلێنکردنی دەقەکان بەپێی مەغزاکان)) (ڕەئوف، ٢٠١٧، ١٦).

لە چەند پێناسەیەکی تر لەو پێناسانەی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کراوە ڕەخنە وەک ئاسانکارێک دەناسێنرێت بۆ ئەوەی خوێنەر هەم لە دەق هەم لە بەهرەمەندی نووسەرەکەی باشتر تێبگات. ((ڕەخنە دۆزینەوە و شیکردنەوەی دەقە، خستنەڕوو و هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندنی خوێنەرە لەبارەی کارێکی داهێنەرانەی ئەدەبییەوە کە نهێنی کارە ئەدەبییەکە بەدەردەخات لە هەمان کاتدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پێشخستن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا)) (موعرووف، ٢٠١٥، ١٢) ڕەخنە لەم پێناسەدا لە هەر سێ ئاستەکەدا بەرپرسیاریەتیی هەیە هەم بەرامبەر بە خوێنەر هەم بەرامبەر نووسەر هەم بەرامبەر بە دەق ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی هونەری و مەعریفی بەرز هەیە وەک دەوترێت ((ڕەخنەی ئەدەبی پرۆسێسەیەکی هونەریە بۆ توێژینەوە لە دەقێکی ئەدەبی. توێژینەوەیەکی جوانیناسانەیە بۆ ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەق. هەوڵێکە بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق.)) (مەنتک، ٢٠١٨، ٩).


# ڕەخنەی ئەدەبی لەنێوان زانست و هونەردا؟

ڕەخنە خۆی پرۆسەیەکە پەیوەندی بە مەعریفە و زانینەوە هەیە. نە دادوەریکردن نە بڕیاردان نە شیکردنەوە بەبێ بەڵگەی بڕواپێکراو جێی خۆیان ناگرن. بۆیەش هەندێک ڕەخنە بە زانست دادەنێن. لەکاتێکیشدا کە وشەی ڕەخنە دەخرێتە پاڵ وشـەی ئەدەب (کە ئەدەب پەیوەسـتە بە هونەر و جوانی و هەسـت و سۆز خەیاڵ) لێڵییێک دێتە ئاراوە ئەمیش پرسی ئەوەی ڕەخنە هونەرە یاخود زانست؟
لێرەدا چەند بیر و ڕایەک دەخەینە ڕوو:

## بۆچی دەوترێت ڕەخنەی ئەدەبی هونەر نییە؟

١-هونەر پێویستی بە بەهرە هەیە و هەمووکەس ناتوانێت ببێتە هونەرمەند، بەڵام ڕەخنە و تیۆر و میتۆدەکانی شتانێکن هەموو کەس دەتوانێت فێریان ببێت.

٢- بـۆ ئەوەی ڕەخنە بابەتیی بێت. دەبێت ڕەخنەگر خۆی لە هەموو هەسـت و سـۆز و لایەنداریەک بپارێزێت و تەنهـا بەپێی ئاسـت بڕیاربدات بۆیـە ((کۆتوبەندکردنـی ڕەخنەی ئەدەبی لـە چەمکی هونەردا، واتـای زاڵبوونی هەسـت و نەستی ڕەخنەگرە بەسەر نووسـینەکەدا. هونەر پەیوەندی بەخەیاڵ و هەسـتەوە هەیە، هەستیش بەپێی باری دەروونی کەسەکە دەگۆڕێت)) (مەنتک،٢٠١٨،١١)



## بۆچی ڕەخنەی ئەدەبی هونەرە؟

ئەدەب خۆی لە جۆرەها شێواز و خەیاڵ و هونەرکاری دەبینێتەوە کەسێکیش کە ئارەزوو و خەیاڵەکانی نەخاتە گەڕ و هەستی هونەری نەبزوێ ناتوانێت بچێتە قوڵایی دەقی ئەدەبی ((کاریگەری تاڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی هەیە لە بردنە پێشـەوەی بابەتەکەدا و ڕێگە بۆ ڕەخنەکە خۆش دەکات و هەسـت و سـۆزی ڕەخنەگر بە تەوژمی سـۆز و بیری نووسەر، یان شاعیرەکە قوڵتر دەکات. ڕەخنەگر ناتوانێت خۆی لە کارتێکردنی بەرهەمەکەوە دوورەپەرێز بگرێت)) (ڕەئـوف، ٢٠١٧، ١٨). کەوایە وەکچۆن ڕەخنە گرتن پێویسـتی بە زانین هەیە بۆ نرخاندنی دەق، بە هەمان شـێوە پێویستی بە هەست و سۆزێکی هونەرمەندانەیە بۆ ئەوەی بچێتە ناو ناخی دەق.

لێرەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ((ڕەخنە زانست و هونەرێکی لێکدراوە و بەهۆی دەستوورەکان و توانای تایبەتی کەسـەکە(ڕەخنەگرەکە)وە، دەتوانێـت بەرهەمـی بـاش لە بەرهەمـی خراپ جیابکاتـەوە و واتای درووسـت و نادرووسـت دیاریبکرێت.)) (ڕەئـوف، ٢٠١٧، ١١). واتا ڕەخنـەی ئەدەبی هەم هونەرە هەم زانسـت. ڕەخنەگر بۆ گەیشـتن بە قوڵایی دەقێکی ئەدەبی پشـت بە خەیاڵ و هەست و سۆز دەبەسـتێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەقەکە و واتاکان دەدۆزێتەوە بەڵام دواتر دێت بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە بۆچوونەکانی بەپێی بەڵگەی بڕواپێکراو بە میتۆدیکی دیاریکراو دەخاتە ڕوو. گەر ڕەخنەگر هەسـتی هونـەری نەبوو ناتوانێت تەواو لەدەقەکە بگات گـەر نا دەقیکیش تێنەگەشـت ناتوانێت ڕەخنـکاری بکات و بڕیاری لەسـەربدات، بەپێچەوانەشـەوە گەر لەڕێگـەی خەیال و هونەرەوە لەدەقەکەگەیشـت و پەی بـە نهێنیەکانی ناوەوەی برد، بـەڵام نەیتوانی بەڵگەی پێویسـت بۆ ئەو تێگەیشتنانەی دەستەبەر بکات یان نەیتوانی بەشێوەیەکی زانستی ئەو تێگەیشتنە بخاتە ڕوو ئەواناتوانێت ڕەوایەتی بە تێگەیشـتنەکەی بدات و بە ڕەخنە ناوی بنێت. هەروەها دەبێت ئەوەش بەرچاو بخەین کە ڕەخنەگر دەبێت تەنها پشـت بەو کاریگەریە ببەسـتێ کە دەقەکە بەجێی دێڵێت نەوەک دەرەوەی دەق. واتا: ناکـرێ ڕەخنەگر کاریگەر بێت بە خاوەن دەق یان هونەرێکی تری نووسـەر لەدرەوەی دەق تەنانەت دەقێکی تری هەمان نووسەر جگە لە دەقە دیاریکراوەکە. بەم شێوەیە ڕەخنگر هونەرمەندیی خۆی بەکاردێنێت تا ڕەخنەیەکی زانستی بەرهەمبێت وەک عەزیز گەردی لە کتێبی ئەدەب و ڕەخنەدا دەڵێت: ((ڕەخنەی ئەدەبی هونەر و زانستە و ئەم دوولایەنە کارێکی زۆر ئەکەنە سەر نەشونماکردنی ڕەخنەیەکی قووڵ و سەرکەوتوو)) (گەردی، ١٩٧٤، ٣٥).

### سەرچاوەکان:


-منضور، لابن (١٢٩٠)، لسان العرب، دار معارف.

-(سڵێوە، هاوژین (٢٠٢٠) ڕەخنەی پراکتیکی، چاپ سێیەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

-شمیسا، د.سیروس (١٣٨٥)نقد ادبی،چاپ سێیەم، تهران، نشر میترا.

-حوسێن، د. هیمداد (٢٠٠٧)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

-ڕەئوف، د.لوقمان، (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی دووەم، ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

-مەعروف، د.کەمال (٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

-مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، ، نووسینگەی تەفسیر هەولێر.

-گەردی،عەزیز(١٩٧٤)، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی بەغدا، چاپی یەکەم، بەغدا.

GREEK-ENGLISH(١٩٢٥) ,LIDDELL, HENRY GEORGE, ROBERT. SCOTT. DD .LEXICON,FIRST, OXFORD,OXFORD



**هاودەنگ سەباح**

# ماڵ لەکوێیە؟

ماڵ لەکوێیە؟

چییە و چۆنە ماڵ؟

شایەت کۆشکێکی هەزار بە هەزار بێ

ڕەنگە ئامێزێکی گەرم یان کوچەیەکی ساردی غەریبیی بێ

ئەشێ باوەشی خاک بێ بۆ بڕێکمان

لە دەمەو عەسرانێکی پاییزیدا

بۆی هەیە ماڵ ژێر پاسارێک بێ لە وەختی بارانی ناوەختدا

دەکرێ ماڵ کەپرێکی چکۆلەی بەقاڵێک بێ

ڕەنگە ماڵ بن سـێبەری دارتوێکی نامواراد بێ بۆ منداڵێک، بەدیار فلْچـە و بۆیاخەکانییەوە، کاتێ هاوار دەکات و دەڵێ: "وەرە با قۆندەرەگرانبەهاکانت وەک چاوەکانم پڕکەم لەبریقە و وەک ئایندەشم ڕەش ڕەش"

دەشێ ماڵ کەناری ڕووبارێکی تەنک بێ کاتێک ماچی جووتە کۆترێک لەخۆ دەگرێ...

بەڵام ماڵ بۆ ئێمە باوەشی گەرمی گڵە

گەرمیی نێو چەند مەترێک خامی سپییە

ڕاکشانە لەنێو تابوتێکی درێژکۆڵەی کونتێبوودا

ماڵ ئەو مشتەخۆڵەیە کە بۆ هەمیشە لەسەر سینەی ماندووم دەمێنێتەوە

ئەو کرمانەن کە وەر دەبنە نێو پێستم

ئەو تاشەبەردانەن کە دەخرێنە سەر سەرم

ئەو بێدەنگییەیە کە لەدوای هەنگاوەکانی مردووشۆرەکانەوە جێدەمێنێ

ئەو ڕۆژە سامناکانەن کە لە پشت سەری گۆڕهەڵکەنەکانەوە خۆیان دەردەخەن

تەراپیی نێو ڕۆحی ئەو بارانەیە کە دەزێتە نێو گیانی ماندووی کڕ و کاسم

دواجار ماڵ ئەو نێرگزانەن کە لەسەر سینگی قەبری بێناومان شین دەبن

سێبەری باریکەڵەی ئەو سنەوبەرانەیە کە لەژوور سەرمان دەکەونە سەما.

**نەجات ئەحمەد**

# بابەتە هەمەڕەنگەکان

# کورد و هەزار قسە

## بابەتی دووەم: جیاوازی شێوەزار و شارچیەتی



زمان، بابەتێکە داگیرکەران هەمیشە وەکو کارتێکی زۆر کاریگەر، بەکاریانهێناوە دژی ئەو میلەتانەی کە زوڵمیان لێکردووە. دەیان نموونە هەن بۆ ئەم بابەتە. مامۆستایەکم هەبوو لە کۆلێژی ئەندازیاری، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، زۆرجار بابەتی "قەزیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"م لەگەڵی دەورووژاند و قسەمان لەسەری دەکرد. ئەو زمانی قسەکردنی پێ گرنگتر بوو لە هێزی چەکدار، بۆ بەرهەڵستی کردنی ستراتیجیەتی داگیرکاری و ئەقڵیەتی سڕینەوەی گەلان. زمانی وەکو دەنگی"جامبێزار"ێک وەسف دەکرد، لە گوێی چەقەڵ و فێڵبازان. جارێکیان گووتی: حکومەتی جمهوری ئیسلامیی بە ملی شکاویان خوێندنیان بە زمانی کوردی مەمنوع کردووە لەلای مە، ناچار هاتم لێرە لە باشور تەختە و قەڵەم و کتێبم کڕی، گەڕامەوە و بە دزییەوە شەوان لە ماڵان خەریکبووم دەرسی زمانی کوردی بە منداڵان بڵێم، ئەخیری وایلێهات گەرووم وشک دەبوو تاوەکو دایک و بابی منداڵان ڕازی بکەم کە دەرسی زمانی کوردی بە منداڵەکانیان بڵێم. خەڵک هەر حەزی لێیە پارەی هەبێ و خانووی پێ سازکا، چ گوێی لە پاراستی زمانەکەیەتی.!

هەرچەندە تیۆرەکان پێناسەی جیاوازیان هەیە بۆ دروستبوونی نەتەوە، بەڵام ئەو شتەی کە بە شێوەیەکی واقیعی سیمبول و نیشانەی بوونی نەتەوەیەکە، زمانەکەیەتی. هەڵبەتە زمانەکانیش تایبەتمەندی خراپ و باشیان هەیە، بە بڕوای من باشترین زمان ئەو زمانەیە کە دیالێکت و زاری جیاوازی کەمە. لەبەر ئەوەی هەروەکو لە بابەتی ڕابردوو کە "ئینتیمای خێڵەکی" بوو باسمان کرد، جیاوازی لە زمان و شێوەزاریش هۆکارێکە لەو هۆکارانەی کە هەستی "خۆیی" بوون دروست دەکەن لەنێوان خێڵ و عەشیرەت و خەڵکی ناوچە جیاوازەکانەوە، وە ئەمە بۆ شارەکانیش ڕاستە. ئەم بابەتە کە لەژێر ناوی "جیاوازی شێوەزار و شارچییەتی"دا نوسراوە، درکی بەوە کردووە کە جیاوازی شێوەزار، گەورەترین فاکتەرە بۆ دروستبوونی دیاردەی شارچییەتی.

ڕامەچڵەکێن، ئەگەر بڵێم "نەتەوەی کورد" نیوەی ئەو مەرجانەی لەسەر جێبەجێ نابێ، کە تیۆرەکان پێناسەی دروستبوونی نەتەوەیان پێکردووە.! "ستالین" پێی وایە یەکێک لە سەرەکیترین مەرجەکانی بوونی نەتەوەیەک، بریتییە لە زمانێکی هاوبەش. کە بەداخەوە کەم تا زۆر ئەو مەرجە لەسەر نەتەوەی کورد جێبەجێ نابێ. نامەوێ زۆر خۆمان پەیوەست بکەین بە تیۆر و قسەی کەسانێک، کە لە کات و شوێنێکی زۆر دوور لە نەتەوەی ئێمەوە، پێناسەی نەتەوەیان کردووە. چونکە لە کۆتاییدا، ئەوەی لە واقیعدا هەیە گرنگترە لەوەی کە لەسەر کاغەز نوسراوە. هەروەکو "ئارنست ڕێنان" یش ڕای وایە کە: نەتەوە بریتییە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە ئیرادە و ئازاری هاوبەشیان هەیە. وە بێگومان کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی، لە هەر پارچەیەک ئازاری هاوبەشی هەبووە. بەڵام سەبارەت بە ئیرادەی هاوبەش، هەندێک فاکتەر هەن وایانکردووە کورد نەک لە هەر چوارپارچە، بەڵکو لە باشوریش ئیرادەیەکی هاوبەشی نەبێت. هۆکارەکانیش بریتین لە: دووبەرەکی سیاسی، شارچییەتی، ململانێی خێڵەکی و هتد....

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، باسوخواسێکە لەسەر دیاردەی شارچییەتی، وە جیاوازی شێوەزار وەکو فاکتەرێک بۆ شارچییەتی. شارچییەتی کێشەیەکە بە هۆکارەکانی: جیاوازی شێوەزار، جلو بەرگ، ئینتیمای سیاسی و هتد....... دروستدەبێت. شارچیەتی یەکێکە لەو کێشانەی ئەوانەی تووشی دەبن هەرگیز هەست ناکەن کە بەو هۆکارانەی سەرەوە تووشی بووبن، ئەوان وادەزانن خەریکی ئەرکێکی پیرۆزن. خۆ زۆرجار لەوانەیە جیاوازی تامی خواردنێکی وەکو دۆڵمە، شارچییەتی دروست بکات لەنێوان خەڵکی. هەرچەند هۆکارەکانی شارچییەتی، بنەمای بەهێزیان نییە، وەلێ شارچییەتی نەخۆشییەکی کوشندەیە لە جەستەی نیشتمانی ئێمە. هەڵبەت ئێستا شارچییەتی کەمتر لە تەمەنە گەورەکاندا ڕوودەدات، زیاتر جیلی سەردەم و گەنجن کە لەسەر بەرگری کردن لە کلتور و جل و بەرگ و شێوەزاری شارەکەیان پێداگرن. زۆرجار خەڵکم بینیوە، کە گرژی و ناکۆکی زۆر گەورە لە نێوانیان دروستبووە، لەسەر ناوی شتێک، کە هەریەکەو لە شارەکەی خۆی بە ناوێکی جیاواز ئەو شتەی بانگکردووە. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و بە تایبەتی "تیکتۆک"، دەتباتە مەغزی ئەقڵیەتی کۆمەڵگا و، ئەوپەڕی زیانیاریت دەداتێ لەسەر ئاستی: بیرکردنەوە و یەکڕیزی نیشتمانی لە نێوان شارو شارۆچکەکانی کوردستان. ئێستا دیاردەی شارچییەتی و تانەدان لە کولتوری یەکتر گەیشتۆتە ئاستێک کە: جیلی سەردەم سڵ لە جنێو و سوکایەتی و هەڕەشەکردن ناکەنەوە، لەسەر ئەوەی کە ئایا "ڕووبەهەنار"ە یان "سرکە"ە.



شارچییەتی یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی وادەکات، گەلان نەتوانن وەکو پێویست بەرەوپێشچوون بەخۆیانەوە ببینن. هەمیشە لەو وڵاتانەی گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی یەکڕیزی نیشتیمانی، پایتەخت جێگایەکی فرەگرنگ و گەورەی هەیە. هەمووان لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ڕوو لە پایتەخت دەکەن و وەکو قیبلەیەکی نیشتمانی و فەرهەنگی لێی دەڕوانن.

بەپێی ئەو لۆژیکەی سیاسەت دروستکی کردووە لە مێژوودا تاوەکو ئەوڕۆ، پایتەخت دەمڕاستی نیشتمانە و جێگەی ڕاگەیاندن و ئەدا کردنی ڕاز و نیازی گەلانە. وەلێ لێرە لە باشوری کوردستان، هەڵمەتێکی ناشرین کردن و جنێو بەخشینەوە بەرامبەر هەولێر دەستی پێکردووە، کە لە مێژوودا بێ وێنەیە، بە جۆرێک، ئێستا لە سۆشیال میدیا و مەیدانەکانی جیلی سەردەم، دەستەواژەی"هەولێری" هاوشانی قسە زبرەکان وەکو جنێوێک بەکاردێ. کە بێگومان ئەوەش بێ پلان نییە و سیاسەت و سیاسییەکان پشکی شێریان بەردەکەوێ. خۆ غەدریش دەکەین ئەگەر بڵێین سلێمانی هیچی بەرامبەر نەکراوە، بەڵام سلێمانی شارێکی قەڵەم بەدەستترە، وەکو دەڵێن "پایتەختی ڕۆشنبیری"یە. ئێستا نوسەر و ڕەخنەگری وای تێدا کاردەکات، بەندی یەکگرتنی نێوان کوردانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکیان پچڕاندووە و بوونە بە شێرپەنجەیەک لەسەر جەستەی پڕ لە ئەدەب و کوردایەتی سلێمانی. کە بێگومان ئەوەش هەر لەپێناو بەدیهێنانی چەند مەبەستێکی سیاسییە. ماتوڵ دەسەڵاتی ئەوەمان نییە لەڕێگەی سیاسەت ئەو دیاردەیە کەم بکەینەوە، زەرووریەتێکی گەورەیە لەڕێگەی نوسین و چالاکی مەدەنی و کۆڕ و دانیشتن و ڕۆژنامە و گۆڤار و سۆشیال میدیا و کاری ڕۆژانەمان، نەهێڵین لەوە زیاتر وێرانمان بکا و لێکمان بکات. هەلومەرجی ناوچەکە ئەوەندە خەتەرناک و شلۆقە، کە هەرنا پێویستە جۆرێک لە تەبایی و یەکڕیزی نیشتمانیمان پێوە دیاربێ. سەبارەت بە شارچییەتی لە باشووری کوردستان، حەقیقەتێک هەیە کە هیچکات ناتوانرێ ئینکاری لێ بکرێ، ئەویش ئەوەیە: لێک ترازانی سیاسی لە نێوان زۆنەکانی هەولێر و سلێمانی، زیاتر وایکردووە دیاردەی شارچییەتی پەرە بسەنێ. هەر لایەنێک کولتورێکی بە زۆنەکەی خۆی بەخشیوە، لە ڕووی: ڕەنگ، دەستەواژە، دروشم و فۆڕمی خەبات، هتد....

کە هەمدیسان ئەوانەش هۆکارگەلێکن بۆ دروستبوونی هەستی "خۆیی"بوون و دروستبوونی "ئێمە و ئەوان".

شارچییەتی شێرپەنجەیەکە بەرۆکی گەلی کورد، لە باشووری کوردستانی گرتووە. ئەگەر ڕەوتێکی ڕیفۆڕمخواز لە یەکڕیزی نیشتمانی پەیدا نەبێ و ئاڕاستەیەکی یەکڕیزی دروست نەکرێت، دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین: لێکترازانێکی نیشتمانی وا ڕوبدا، کە سلێمانی بۆخۆی داوای سەربەخۆییێک و هەولێریش بۆخۆی داوای سەربەخۆییێک بکات. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئێمە بەو قەبارە یەکگرتوویەی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو هەمانبووە، نەمانتوانیبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئازاد ئەدای نیشتیمانیانەی خۆمان بکەین، لە داهاتوو هەولێر بەتەنیا و سلێمانی بەتەنیا و دهۆک بەتەنیا، چۆن دەتوانین بگەینە ئامانجێکی ئەوتۆ....؟

**دێرین کەمال چاوشین**



# متمانەی سیاسی

## بە سیستەمی سیاسی و کاریگەری

لەسەر بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چارێگە سـەدەیەک بەسـەر حوکومڕانی لە هەرێمی کوردسـتان، بە بڕوای شارەزایانی بواری متمانەی سیاسی؛ دەتوانین پێوانەی ئاست و گۆڕانکارییەکانی متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی یان هەریەک لە کایەکانی سیسـتەمی بکرێت. بـەردەوام بوونی قەیرانەکان و کێشـە و ناکۆکیەکان کاریگەری کردۆتە سـەر متمانەی هاوڵاتیان بە سیسـتەم و دەسەڵاتی سیاسـی. بێگومان پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی و دواجاریش بەشداری سیاسی، بەو پێیەی لە جیهانی ئەمڕۆدا سیسـتەم دیموکراسـی بووەتە داواکاری زۆربەی گەلانی جیهان. سیسـتەمی دیموکراسـی خۆی لەبەشـداری سیاسی تاک و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبینێتەوە، لە داڕشتنی سیاسەتە گشتیەکان و حوکومڕانی وڵات. تا ئاستی بەشداری سیاسـی بەرزتربێت متمانەی سیاسی زیاتر دەبێت بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. ئەگەر سەرەنج بدەیـن لـە هەرێمی کوردسـتان سـاڵ لـە دوای سـاڵ متمانەی سیاسـی بـەرەو لاوازبـوون دەڕوات ئەمەش مەترسیەکی گەورە دروست دەکات لەسەر شەرعییەت و بەشداری سیاسی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێم، هەروەهـا کاریگەری نەرێنی کردووەتە سـەر گەشەسـەندن و لاوازبوونـی پەیوەندی هاوڵاتیان بە دەسـەڵاتی سیاسی.

ئـەوەی لـەم توێژینەوەیەدا توێژینەوەی لەبـارەوە کراوە، دوو بابەتی سـەرەکین: یەکەم متمانەی سیاسـی بە سیستەمی سیاسـی هەرێمی کوردستان، کاریگەری متمانەی سیاسی لەسـەر بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردسـتان. لەکۆتاییشـدا باسـێکی کورت سـەبارەت بە ڕێژەی بەشـداری سیاسـی هەرێم لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێراق سـاڵی (٢٠٢١) دەخەینـەڕوو وەک نموونەیەک بـۆ کاریەگەرییەکانی بەشـداری دەنگدەران لەسەر کۆی سیستەم و پرۆسەی سیاسی.

## باسی یەکەم:
## متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی
### متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی

متمانەی سیاسی یەکێکە لەو پرس و بابەتە گرنگانەی کە هەر لە یۆنانی کۆنەوە بووەتە جێگای بایەخ و گرنگی بیرمەند و فەیلەسوفە سیاسییەکان. بۆ نموونە ئەفلاتون لە گفتوگۆکانی لەگەڵ "پرۆتاگۆراس" و سیۆدۆسی" لە پەراوێزی جەنگی بیلوبونسی پرسیاری ئەوە دەکا: (بۆچی متمانە سیاسی ئەوەندە بۆ کۆمەڵگەی سیاسی گرنگە؟) لە وەڵامدا سیۆدۆسی پێی وابوو متمانە سەنتەری دیاریکردنی جۆرییەتی دیموکراسی سیاسییە، چونکە ئەندامەکان بەشداردەبن لە بڕیارەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی. دواتر ئەفلاتون لە کتێبی کۆمارەکەیدا زیاتر بایەخ بە متمانەی سیاسی دەدەدات، پێی وایە دەوڵەتی ئەندێشەیی (نمونەیی، ئایدیاڵی) دادەمەزرێت لەسەر بنەمای متمانە. دوابەدوای سەردەمی ڕۆشنگەری و مۆدێرن متمانەی سیاسی لای هەریەک لە (تۆماس هۆبز و جۆن لوک و جان جاک ڕۆسۆ) بایەخی زیاتر پێدرا. بەڵام سەبارەت بە متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی ئەو مێژووە کۆن و درێژەی نییە چونکە لەسەردەمی کۆن سیستەمە سیاسییەکان بەو چەشنەی ئێستا نەبوون، وەرگرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی زەبر و زەنگ بوو. بۆیە بەلای دەسەڵاتدارانەوە گرنگ نەبوو شەرعیەت و متمانەپێدراوە یان نا بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو مانەوەی بوو لە دەسەڵات (بارزان جەوهەر، ٢٠٢١، ٣٧).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مێژووە کورتەی کە دەربارەی متمانەی سیاسی خستمانەڕوو، بۆمان ڕوون بەوە پێناسەکردنی متمانەی سیاسی وەک هەر چەمکێکی تری سیاسی ئاڵۆزە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕاو بۆچوونی بیرمەند و توێژەرانی ئەم بوارە. بەڵام ئێمە لێرەدا بە کورتی بە ڕوونی چەند پێناسەیەکی دیارکراو دەخەینەڕوو، متمانەی سیاسی حوکمدانی هاوڵاتیانە بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی بەو پێیەی سیستەم ئامرازێکی وەڵامدەرەوەیە و بەردەوام کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی هاوڵاتیان. "هیسرینگتن" (Hethrinton) پێی وایە متمانەی سیاسی بریتیە لە: متمانەی تاکە کەسی بۆ دامەزراوە حوکمییەکان لەسەر بنەمای چاوەڕوانی ئەدای دامەزراواکان (بارزان جەوهەر، ٢٠٢١، ٣٤).

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی متمانەی سیاسی بریتیە لە دامەزراندنی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان هاوڵاتیان و سیستەمی سیاسی، ئەرکی ئەم پەیوەندیەش لە ئەستۆی دامەزراوەکان دایە بەو پێیەی ئەوان وەڵامدەری داواکارییەکانی هاوڵاتیانن لەبەرامبەدا هاوڵاتییان لە ڕێگەی متمانەدان بە سیستەمی سیاسی پابەندنی ڕێسا و یاسای و پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات دەبن.

سەبارەت بە سیستەمی سیاسیش، "دەیڤید ئیستۆن" بە پێشەنگی شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی دادەندرێت، پێناسەی سیستەمی سیاسی کردووە بەوەی بریتییە لەو کارلێکانەی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن و لە ڕێگایانەوە سامانە دەگمەنەکان (بەهاکان) بە شێوەیەکی دەسەڵاتییانە دابەشدەکرێن. واتا: وەزیفە (ئەرک)ی سەرەکی سیستەمی سیاسی بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵاتیانەی بەهاکان لە کۆمەڵگادا، واتا پرۆسەی دروستکردنی بڕیارە پابەندکەرەکان ئەو بڕیارانەی کە شتێک دەبەخشن و شتێکی دیکە قەدەغە دەکەن. ئیستۆن چوارچێوەیەک بۆ شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی دەخاتەڕوو کە خۆی دەبینێتەوە لە تێهاوێشتەکان و دەهاوێشتەکان و فیدباک. بەو پێیەی سیستەم داواکاری هاوڵاتیان وەردەگرێت بەپێی توانا وەڵامی داواکارییەکان دەداتەوە. هەر ئەمەش وا دەکات سیستەم لە جوڵەی بەردەوام دابێت.

پێکهاتەی سیستەمی سیاسی خۆی دەبینێتەوە لە دامەزراوە فەرمییەکان کە: (دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لەخۆ دەگرێت. دامەزراوە نافەرمییەکانیش کە (پارتە سیاسیەکان، میدیا، گرووپەکانی فشار، ڕێخراوەکانی کۆڵگەی مەدەنی) لەخۆ دەگرێت. کار و ئەدای ئەم دامەزراوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کار دەکەنە سەر متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی بە تایبەت دوای دەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی و جێگیری بوونی بنەماکانی وەک: (ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی میدیا، دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، ڕاوایەتی...تاد.) لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە پەیوەندییەکی توند لە نێوان سیستەمی سیاسی و متمانەی سیاسی هەیە بەجۆرێک نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی شەرعیەتی سیستەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (کەمال مەنوفی،٢٠٧، ١٠٧-١١٠).

## متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان هۆکار وپاڵنەرەکانی:

پێکهاتەی سیستەمی سیاسی خۆی دەبینێتەوە لە دامەزراوە فەرمییەکان کە: (دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) لەخۆ دەگرێت. دامەزراوە نافەرمییەکانیش کە (پارتە سیاسیەکان، میدیا، گرووپەکانی فشار، ڕێخراوەکانی کۆڵگەی مەدەنی) لەخۆ دەگرێت. کار و ئەدای ئەم دامەزراوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کار دەکەنە سەر متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی بە تایبەت دوای دەرکەوتنی سیستەمی دیموکراسی و جێگیری بوونی بنەماکانی وەک: (ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی میدیا، دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، ڕاوایەتی...تاد.) لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە پەیوەندییەکی توند لە نێوان سیستەمی سیاسی و متمانەی سیاسی هەیە بەجۆرێک نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی شەرعیەتی سیستەم دەخاتە ژێر پرسیارەوە. (کەمال مەنوفی،٢٠٧، ١٠٧-١١٠).

ئێستا متمانەی سیاسی بابەتێکی گرنگ و پێویستی کۆمەڵگەی کوردییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین بایەخ و گرنگی پێدراوە بە بەراورد بە بابەتەکانی تر. لە کاتێکدا متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی گەشەی خێرای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەڵنەکردنی لایەنە سیاسییەکانە بەیەکەوە، ئەویش بەهۆی گومان و دوودڵی و نەبوونی متمانە، ئەمەش بەربەست دروست دەکات لەبەردەم هەڵسەنگاندنی ئەدای سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان و نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکان وڵات. یەکێکی تر لە کێشە جەوهەرییەکان کە بە درێژای مێژوو کورد پێوەی دەناڵێنێت نەبوونی دەوڵەتی کوردستانە بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی لە نەبوونی متمانە نەک هەر لە نێوان دەسەڵاتدارن و هاوڵاتیان بەڵکو لە نێوان خودی دەسەڵاتداران. هەروەها بەردەوام بوونی قەیرانە ئابووری و سیاسیەکان کە ئەوانیش بوونەتە فاکتەرەکی تری کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی.

بۆ ئەوەی متمانەی سیاسی دروست بێت، چەند خاڵێکی گرنگ هەن لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت، ئەو متمانەیەش بەو ئاسانییە دروست نابێت، بەڵکو پێویستە دەوڵەت و دامەزراوەکانی کاری جدی لەسەر بکەن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی زۆرینەی هاوڵاتیان، ئەو خاڵانەش بەشێکی زۆری مافی سەرتایی هاوڵاتیانە بریتین لە: (شاهۆ عەبدوڵڵا،٢٠٢٠).

## ١- ئابورییەکی جێگیر:

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی حکومەت بۆ بەدەستهێنانی متمانەی سیاسی، لایەنی ئابوری وڵاتە، ئەمە وا دەکات هاوڵاتیان لەڕووی دەروونییەوە بڕوا بەکردارەکانی دەوڵەت و حکومەت بکەن، بەشێوەیەک وەک کاروکاردانەوەیە. تا ئابووری جێگیر بێت و جێگەی ڕەزامەندی هاوڵاتیان بێت، متمانەی سیاسی لەلایەن هاوڵاتیان بەرانبەر بەحکومەت زیاتر دەبێت. گەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم خاڵە هەڵبسەنگێنین لەدابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتییەکانی لەڕووی ئابوورییەوە، ئاوا متمانەی سیاسی هاوڵاتیان بە حکومەتی هەرێم پتەوتردەبێت، بەڵام خراپی باری ئابووری هاوڵاتیان لە ڕووی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و داهاتی تاکە کەسی متمانەیەکی لاواز دروست دەکات.

## ٢- یەکسانی لەبەرانبەر یاسا و دابینکردنی ئاسایش بۆ هەمووان:

متمانەی هاوڵاتیان بەرانبەر بە حکومەت و ئەو سیستەمە سیاسییە لەکارداییە زیاتر دەبێت ئەگەر یاسا لەسەرڕووی هەمووانەوە بێت و بەیەکچاو سەیری هاوڵاتیان بکات، ئەوە ئاستی ئەو متمانە سیاسییە زیاتر دەبێت. بەڵام گەر هەر ئەو یاساییە جێبەجێ بکرێت بەرانبەر بە هەندێک و هەندێک دەستڕۆشتووی ئابووری و سیاسی لێ دەرباز بێت، ئەوە هاوڵاتیانیش نەک هەرمتمانەیان نامێنێت بەرانبەر حکومەت و دامەزراوەکانی، بەڵکو هەوڵی سەرپێچی کردن دەدەن وەک پێوەی پابەند نابن. هەرچی لەبارەی دابینکردنی ئاسایشەوەی هەیە بۆ هاوڵاتیان و پێشکەش کردنی خزمەتگواری ئاسایش و پارستنی سەر و ماڵیان، ئەرکی لەپێشینەی حکومەتە و لەپایەگرنگەکانی حکومەتداری ئەژمار دەکرێت. تاکو ئاسایش بەهێز بێت و یەکسان بێت بۆ هەمووان، ئەو پشتبەستن بە دامەزراوەکانی ئاسایش و حکومەت زیاتر دەبێت. بەڵام ئەگەر هاتوو دابینکردن ئاسایش بۆ دەست و تاقم و پاراستنی ئەم و ئەو حزب بێت، ئەوا متمانەی هاوڵاتیان بەپایە و دامەزراوەکانی ئاسایش بەرەو لاوازی دەچێت. هەرێمی کوردستان، دوو ئاسایش و دوو دژە تیرۆر و هێزەکانی پێشمەرگەش دابەشی هێزی حەفتا و هەشتابوون و لەناو ئەوانیش دا، چەند بەرپرسێکی سەربازی خاوەن هێز و لیوای تابەت بەخۆیانن. واتا نەبوونی هێزێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی لاواز دەکات.

## ٣- شەفافیەت:

یەکێک لەو خاڵەگرنگانەیە کە وادەکات هاوڵاتی متمانە و متمانەی سیاسی بە حکومەت و دامەزراوەکانی هەبێت مەسەلەی شەفافییەتە لەکۆی سێکتەرەکان، بەتایبەت لەبواری ئابووری و داهاتی گشتی وڵات، تا ئاستی شەفافییەت زیاتر بێت لەوەی حکومەت پێشکەش بەهاوڵاتییان و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی دەکات متمانەی سیاسی زیاتر دەبێت بە حکومەت و دامەزراوەکانی.

## ٤- بەشداری سیاسی توێژ و کەسایەتییە مەدەنییە سەربەخۆکان و حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

لەژیانی سیاسی و گوێگرتن لێیان و بەهەند وەرگرتنی پرۆژە و ئایدیەکانی تاکەکان لە چۆنییەتی باشترکردنی ژیانی گشتی و تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، هۆکار دەبن بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵگەش متمانەی سیاسی زیاتر لا دروست و گەورەتر بێت بە حکومەت.

### ٥- حکومەتی بەرپرسیار:

متمانـەی سـیاسی هاوڵاتیان بەرانبەر بە حکومـەت زیاتر دەکات ئەگـەر هاتوو حکومەت و دامـەزراوەکانی بە بەرپرسـیارییەوە مامەڵەیان کرد بەرانبەر بـە گیان و ماڵی هاوڵاتیان. بۆنموونـە: (ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە گەشـتکردنیان بـۆ ئەو وڵاتانەی مەترسـی جەنگی هەیـە، یان بەدەنگەوەچـوونی هاوڵاتیانیان لـەکاتی بوونی کێشەیەک لەوڵاتیکی بیانی، هەروەها پێدانی ڕێنمایی لەچۆنییەتی بازرگانی و پاراستنی سەرمایەکانیان و رێگری کردن لەهەر مادەیەکی زیانبەخش لە خۆراک و داودەرمان یان بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هۆشـیاری تەندروسـتی لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشـی). کاتێک حکومەت ئەمە بۆ هاوڵاتیانی خۆی دەکات بێبەرانبەر، ئەوە متمانەی سیاسی هاوڵاتیان زیاتر دەبن بە حکومەت و دەوڵەت.

## باسی دووەم: کاریگەری بەشداری سیاسی لەسەر متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان

### بەشداری سیاسی:

بەشـداری سیاسی بەشداری تاک لەسەر ئاستە جیاوازەکانی نێو سیستەمی سیاسی، کە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین "کۆمەڵێک چالاکی خۆویستانەیە، بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگایەک لە دانانی فەرمانڕەواکان و دروستکردنی بڕیارەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشکدرای  لە شکلگیری سیاسەتە گشتییەکان دەکەن. هەریەک لە: "سـامویڵ هاتنگتۆن و نیسـلۆن" بەشـداری سیاسی پێناسـە دەکەن بەوەی بریتیە: لەو چالاکییـەی کۆمەڵێـک هاوڵاتی دیارکراو پێی هەڵدەسـتن بە مەبەسـتی کاریگـەری دانانن لەسـەر بڕیارەکانی حکومەت. دوابەدوای گەشەکردنی کۆمەڵگاکان و جێگیربوونی بنەماکانی دیمکراسی بەشداری سیاسی بووەتە پێویسـتییەکی سـەرەکی و گرنگی سـەرجەم کۆمەڵگان و هەروها بنەمای سـەرەکی بەڕێوەبردنی سیسـتەمە سیاسیەکانە (ڕابەر تەلحەت، ٢٠٠٦، ٦١-٦٢).

بەشـداری سیاسـی پەیوەندی هەیە بە هۆشـیاری سیاسـی تاکەکانی کۆمەڵگـە، ئەم هۆشـیارییە لە ڕێگەی پرۆسـەی پێگەیاندنی سیاسـیەوە بەدەسـتدەهێندرێت. لێرەشـەوە ئەرکی پێگەیاندنی سیاسی گواستنەوەی ڕۆشـنبیری و کلتوری سیاسـی کۆمەڵگایە بـۆ تاکەکان، بەو مانایەی ڕۆشـنبیری و کلتوری سیاسـی باوی ناو کۆمەڵگەی کاریگەری زۆری هەیە لەسـەر ڕادەی بەشـداری هاوڵاتیان. گرنگی بەشـداری سیاسـی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لە ڕێگەیەوە دەتواندرێت هەموو ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەدەسـبهێندرێت بە شـێوازێک کە لایەنی کەم و زۆری سودەکانی بزاندرێت، کە تا چەند گونجاوە لەگەڵ پێداویست و ئارەزووەکانی هاوڵاتیان و تواناکانی. هەروەها بەشـداری سیاسی ئەو ڕاسـتییە دەخاتەڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سەقامگیری سیاسی و شەرعیەت و متمانەدان بە سیستەمی سیاسی هەیە ئەو هەستە لای هاوڵاتیان قوڵدەکاتەوە. گرنگییەکی تری بەشـداری سیاسـی ئەوەیە کە بە پردی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت دادەندرێت، لە ڕێگەی گەیاندنی داواکارییەکانی هاوڵاتیان بۆ حکومەت پاشان فشار خستەنە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی. بە گرتنەبەری ئەو شـێواز و پەیوەندیانە لە نێوان هاوڵاتیان و دەسـەڵاتدا هەلی بەشـداری سیاسـی بەرفـراوان دەبێت و مەیلی بەرتەسـکردنەوەی ئازادییە سیاسـیەکان و هەسـتکردن بە نامۆی لـە وڵاتدا کەم دەبێتـەوە. بەهاکانی ئازادی و یەکسـانی دەسـتەبەر دەبێت، دواجاریش دەبێتە هۆی  ئاسـایش و سـەقامگیری گشـتی لە وڵاتـدا. ئەمەش هاوکاری لایەنی دەسـەڵاتدار دەکات بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر کار بکەن بۆ گەشـەکردن و گەشـەپێدانی ئابووری و سیاسـی و کۆمەڵاییەتی. لە کۆتایشدا متمانەی سیاسی بەو سیستەمە سیاسییە دەگاتە ئاستێکی باڵا (عادل علی، ٢٠١١، ٣١-٣٢).

دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین کەناڵەکانی بەشداری سیاسی بکەین لە ڕێگەی ئەو چەند خاڵەی خوارەوە: (ڕابەر تەلحەت،٢٠٠٦، ٦٧-٦٨).

١-بەشداریکردن لە ڕێگەی دامودەزگا و دامەزراوە فەرمییەکان: مەبەست لەم بەشداریکردنە ئەوەیە کە تاک ڕۆڵ و پلە و پایەی ئیداری و بیروکراسی جیاجیا دەبێت لە نێو دام و دەزگاکانی حکومەت و دەوڵەتدا. وەك فەرمانبەرانی دەوڵەت.

٢-بەشداریکردن لە ڕێگەی دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا: ئەمەیان کەمترین ئاستی بەشداری تاکە لە ژیانی سیاسیدا لە ڕێگەی چوونی هاوڵاتیان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، لە هەمانکاتدا یەکێکە لە بەشدارییە گرنگەکان.

٣-بەشداریکردن لە ڕێگەی ڕاپرسی: ئەمەش جۆرێکە لە بەشداری سیاسی کە سیستەمە دیمکراسیەکان پەیڕەوی دەکەن، لە جێبەجێکردنی یاسایەک یان دەرکردنی بڕیارێکی چارەنوساز لە ڕێگەیەوە دەگەڕێنەوە بۆ بیروڕای هاوڵاتیان وەک ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای دەستوور.

٤-بەشداریکردن بە پەنابردنە بەر ئامرزەکانی فشار: وەک مانگرتن و خۆپیشاندان و یاخیبوونی مەدەنیانە، ئەمەش زۆر جاران دەبێتە هۆی توندوتیژی و گوشار.

٥-بەشداریکردن لە ڕێگەی گرووپەکانی فشار: خەڵک زۆر جاران دوای ئەوەی بڕوایان بە کەناڵە ڕەسمییەکان نامێنێت تا لە ڕێگەیەوە بە ئامانج و خواستەکانیان بگەن، پەنا دەبەنە بەر دروستکردنی گروپی جیاجیای فشار، تا فشار لەسەر حکومەت و لایەنە ڕەسمییەکان بکەن بۆ بەدەموەچوونی خواستەکانییان.

٦-بەشداریکردن لە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەن کە لەسەریان پێویستە ببنە مایەی دروستکردنی پردی دیالۆگ و گفتوگۆ لەنێوان هاوڵاتیان و دەسەڵات.

٧-بەشداریکردن لە ڕێگەی پارتە سیاسیەکان: پارتە سیاسییەکان بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی پێکدەهێنن، پارت وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئەو هاوڵاتیانەی خوازیاری بەشداریکردن لە سیاسەتدا، وەک نزیکردنەوەی هاوڵاتیان لە ناوەندەکانی بڕیار و هەستکردنی تاک بە کاریگەرییەکانی خۆی لە نێو سیاسەتی گشتیدا.

## گرنگی بەشداری سیاسی لە متمانەدان بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان:


ئاشکرایە پێشکەوتن و گەشەپێدانی هەر وڵات و گەلێک پەیوەستە بە کەلەپور و هۆشیاری سیاسییەوە، بێگومان یەکێک لە ڕەگەزەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندن پەیوەستە بە جوڵە و بەشداری سیاسی خەڵک لەپڕۆسەی سیاسی و بەگرنگ سەیرکردنی، چونکە بەبێ بەشداری خەڵک لەژیانی سیاسیدا ناتوانین بڵێین: (ژینگەیەکی سیاسی تەندروست و ئازاد و دیموکراسیمان هەیە). هەرێمی کوردستانیش وەک کیانێکی سیاسی سەربەخۆ خاوەن سیستەم و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان کە لە ڕێگەیەوە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی دەکات و کار دەکان بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی هاوڵاتیانی و فەراهەمکردنی ئازادییەکانی تاک. بەڵام هەرێمی کوردستان بە درێژای مێژوو قۆناغی جیاوازی بەخۆە دیوە، بەهۆی قەیرانە جیاواز و بەردەوامەکان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئاسایش و سەقامگیری سیاسی. ئەمەش کار دەکاتە سەر بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسی و متمانەدان بە سیستەمی سیاسی.

به بڕوای توێژەرانی سیاسی خراپی متمانە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر بەشداری سیاسی. بەرزبونەوەی ئاستی بەشداری سیاسی دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی متمانەی سیاسی، بۆیە پێیان وایە متمانە پەیوەندی بە هێنانە کایەوەی ئازادی هەیە، کاتێک بە ئازادانە بیر دەکەیەوە و دەنگ هەڵدەبڕی ئەوە نیشانەی متمانە دانە بە سیستەمە سیاسیەکە. کەواتە لە پەیوەندی نێوان متمانەی سیاسی بە بەشداری سیاسی دوو ئاراستەی جیاواز لەیەکتری هەن:

یەکەم: متمانەی سیاسی کارگەری ئەرێنی هەیە لەسەر فراوانکردنی بەهاکانی دیموکراسی و حوکومداری؛ ئەمەش ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بەشداری سیاسی تاکەکان لە سیستەمی سیاسی، چونکە هەروەکو "ڕۆزانڤالۆن" ئاماژەی بۆ دەکات تاکەکان تەنها دەنگدەر نین بەڵکو وەک دڵنیایی جۆرین بۆ سیستەمی سیاسی، بە پێچەوانەشەوە.

دووەم: هەندێکی تر لە توێژەران پێیان وایە بەشداری هاوڵاتیان لە کاتی دەنگدان پەیوەندی بە متمانەی سیاسییەوە هەیە، چونکە هەندێک جار بێ متمانەی وا لە تاک دەکات سوربێت لەسەر بەشداریکردن بۆ ئەوەی بارودۆخی حوکمداری بگۆڕدرێت. ئەگەر ئاراستەی دووەم وەک نموونە لە هەرێمی کوردستان وەربگرین. دەتوانین بیسلمێنین کە مەرج نییە ئاستی متمانەی سیاسی هاوتابێت لەگەڵ بەشداری سیاسی لە هەڵبژاردنەکان، یان لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێ: مادەم نامتمانەی سیاسی هەیە ئەی بۆچی بەشداری هەڵبژاردن لە سەروی (٨٠٪)یە لە هەندێک شوێنی وەک (شاری هەولێر)؟ لەوەڵامدا دەتوانین بڵێین: ڕێژەی بەرزی بەشداری سیاسی لە هەرێم مانای ئەوە نییە متمانەی سیاسی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە سروشتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەندەی پەیوەندی بە هۆکار و ململانێکانی ناوچەگەرییەتی، خزم خزمێنە، ئایدیای ئیسلامی سیاسی، ترسی سزادان، بەرژەوەندی تایبەتی، بەرژەوەندی گشتی، ترس لە دەنگدان لەجیاتی تاک (تەزویر)، بارودۆخی عێراق و هەستی نەتەوایەتی...تاد هەیە. ئەوندە پەیوەندی بە بەشداریکردن و دەنگدان نییە لەسەر بنەمای ڕازیبوون و متمانەدان بە پارتەکە یان قەوارەی کاندیدەکە )بارزان جەوهەر،٢٠٢١، ١٢٥-١٢٦).

ئەگەر سەرەنجێکی خێرا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بدەین وەک نموونەیەک بۆ بەشداری سیاسی و متمانەدان بە دامەزراوەکان وەریگرین کە لە (٢٠٢١/١٠/١٠) بەڕێوەچوو، دەبینن ڕێژەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیانی هەرێمی لە سەر ئاستی پارێزگا (بازنە)کان ئێکجاری کەمی کردووە، بە جۆرێک دۆخی نەرێنی بۆ کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی دروستکرد چونکە شەرعیەتی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و سیستەمی سیاسی عێراقی خستووەتە ژێر پرسیارەوە ئەمەش دەرخەری متمانەی هاوڵاتیانە بە پرۆسە و سیستەمی سیاسی. لەم هێلکارییەی خوارەوە پێگەی لایەنە سیاسیەکان لە سنوری بازنەکانی پارێزگاکانی هەرێم ڕوونکراوەتەوە (دامەزراوەی میدیایی درەو،٢٠٢٤).




لە هەرێمی کوردستان لە چەند مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان بەڕێوەدەچێت، حوکومەتی هەرێم بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی هاوڵاتیانی بە سیسەتی سیاسی و پرۆسەی سیاسی کۆمەڵێک ڕێو وشوێنی پێویست هەیە بیانگرێتە بەر، گرنگترینیان:

١- ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتی دیارکرای خۆیدا: وەک دەزانین هەتاوەکوو ئێستا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێنج جار مەرسومەی بۆ هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دیارکردووە کە دواینیان لە ٢٠٢٤/٦/٢٦ دەرکراوە کە ڕۆژی ٢٠٢٤/١٠/٢٠ دیاریکراوە بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان.

٢- یەگرتوویی لایەنە سیاسییەکان: دەبێت بە جۆرێک کار بکەن بۆ پاراستنی و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی.

٣- چارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکان: وەک کێشە بوجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای گشتی.

٤- دیارکردنی کەسانی بەتوانا و لێهاتوو بۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، تا بتوانن بە شێوەیەکی ڕازیکەرانە نوێنەرایەتی هاوڵایتانیان بکەن و دەنگیان بگەیەننە ناوەندەکانی دەسەڵات.

٥- هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ڕێگەی پێگەیاندنی سیاسی و ڕۆشنبیری سیاسی لەمەڕ پرسە سیاسییە گرنگەکان، بۆ ئەوەی تاک ئەو ڕۆشنبیرییەی لا دروستبێت، کە دەتوانێت لە ڕێگەی بەشداری سیاسی گۆڕانکاری لە حوکومداری وڵاتدا بکات.

٦-پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان لە دەستدرێژییە ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

## ئەنجام

لە کۆتایدا پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان متمانەی سیاسی و بەشداری سیاسی لە سەرجەم سیستەمە سیاسیەکاندا هەیە. بۆ ئەوەی سیستەم لە جوڵە و کارایی بەردەوام بێت پێویستە کار بکەن لە ڕێگەی دامەزراوەکان، بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و دروستکردنی پردی پەیوەندی بەهێز لەنێوانیان. هەرێمی کوردستانیش لەم چوارچێوەیە پشکدارە وەک ئاماژەشمان پێدا بارودۆخی ژینگەیی و سیاسی و یاسایی هەرێم جیاوازە بە بەراورد بە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، سەرەڕای بوونی ڕێوشوێنی پێویست وەک دامەزراوەکان، بوونی یاسای پارت و کۆمەڵەکان و یاساکانی هەڵبژاردن لە سەرووی هەموویانەوە ڕەشنوسی دەستوور. بەڵام بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزم دایە. هەروەها گرفتەکانی بەشداری سیاسی تەنها بە یاسا چارەسەر ناکرێت بەڵکو پەیوەندی هەیە بە هۆشیاری و پێگەیاندنی سیاسی تا تاک بتوانێت هەست بە بەرپرسیارییەتی خۆی بکات لە بەرامبەر پرسە سیاسییەکان دواجاریش گەڕاندنەوەی متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان؛ لە ڕێگەی جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی هاوڵاتیان و کارکردنی لایەنەکان دەسەڵات وەک هێزێکی یەکگرتوو و دوور لە ململانێ و ناکۆکی، بۆ بەرژەوەندی گشتی و دوورکەوتنەوە لە بەرژەوەندی تایبەتی. هەروەها دەستاودەتکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بە ئامانجی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردن و حوکمداری.

## لیستی سەرچاوەکان

١-بارزان جەوهەر سادق، متمانەی سیاسی بەسیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١.
٢-ڕابەر تەلحەت، گەنج و بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەوەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣-عادل عەلی، بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بەخشی حەمەد، سلێمانی،٢٠١١.
٤-کەمال مەنوفی، و.ئاوات ئەحمەد، تیۆرەکانی سیستەمە سیاسیەکان، چاپی یەکەم ،چاپخانەی یاد، ٢٠٠٧.
٥-شاهۆ عەبدوڵڵا، متمانەی سیاسی و هۆکاری لەدەستدانی، ٢٠٢٠/٧/٢، بەرواری سەردانی کردن٢٠٢٤/٧/٣، لەم بەستەرە بەر دەستە.https://mewdamedia.com/articles/٦٩٥٧
٦-دامەزراوەی میدیایی دروە، https://ww

**ئیمان محەمەد عوسمان**





# ئیعجازێکی زانستی و پزیشکی لەبارەی ئەنجام دانی کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ:

کەڵەشاخ: لەسەردەمی ئیسلامدا، جارێکی تر پەرەی سەندەوە وگرنکی پێدرایەوە، هۆکاری باسکردن و پەرەسەندنەوەی کەڵەشاخ ئەوە بوو عەرەبەکان کەڵەشاخیان نەدەزانی ئەنجامی بدەن و چارەسەری خەڵکی پن بکەن بەشێوازێکی ڕاست و دروست، ئیسلام هات و ڕەزامەندی دا لەسەر پراکتیزەکردنی چارەسەر بەکەڵەشاخ، مێژووەکەی بۆ پێش کۆچی دوایی دەگەڕێتەوە لە ئەگەری سەفەری شەوی ئیسرا و میعراجدا :

پەیامبەری خوا (صلی اللە علیه وسلم)، بەتایبەت کاتێ شەوڕەوی پێکرا بۆ ئاسمان فریشتەکان پێیان دەفەرموو:

**ما مَرَرْتُ ليلةَ أُسْرِيَ بي بمَلأٍ إلَّا قالوا: يا مُحمَّدُ، مُرْ أُمَّتَكَ بالحِجَامةِ.**

صحيح اليغيب رقم (٣٤٦٣) صحيح الجامع برقم (٥٦٧١) صحيح ابن ماجة برقم (٢٨٠٢) صحيح سنن الترمذى بەژمارە (١٦٧٣)

واتا: لەشەوی (ئیسراو میعراجدا) کە شەو ڕەویم پێکرا بۆئاسمانەکان بەلای هەرکۆمەڵێك لەفریشتەکان تێپەڕدەبووم، ئیللا پێیان دەگوتم ئەی محمد بە ئومەتەکەت بڵ کەڵەشاخ بکەن.

ئەنجامدانی کەڵەشاخ، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە پەیامبەری ئازیزو نازدار(صلی الله علیه وسلم) فەرمانی کردووە بە ئوممەتەکەی کەڵەشاخ بکەن، وە چەندەها ڕێوشوێنی نوێ و ڕێنمایی جوانی خستە نێو زانستی پزیشکی کەڵەشاخەوە، هەر لە سەردەمەکانی دوای ئیسلامیش چەندەها زاناو پزیشک کاری کەڵەشاخیان ئەنجامداوە لەو بارەیەوە پەرتوکیان نوسیووە، لەوانە پەرتوکی (القانون)ی ئیبن سیناو چەندین پزیشک و زانای تر باسیان لێوەکردووە لەوانە: (ئیبن سینا، ئیبن القیم، ئیمامی الزهراوی، ئیمامی الرازی).لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کەڵەشاخ کردن بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەنجام دەدرا، وە بەدرێژایی شارستانیەتی ئیسلام بەردەوام کراوە و پەرەی پێدراوە، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت کەڵەشاخ لە وڵاتە ئیسلامیەکان و غە یرە ئیسلامیەکانیش ئەنجام دەدرێ و هیچ کاریگەریەکی خراپی دروست نەکردووە، چونکە کە ئیسلام هات کۆمەڵێک مەشخەڵ و ڕێنمایی تەندروستی بۆ ئەم کارە داناو جارێکی تر

چەندین توێژینەوەی زانستی و پزیشکی لەسەرکراوە و دەیسەلمێنن کە کەڵەشاخ سود وگرنگییەکی زۆر باشی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ بەگشتی، تاوەکو ئەمڕۆش کەڵەشاخ وەک چارەسەرێکی پزیشکی و سروشتی ئەنجام دەدرێت، وە زانستی پزیشکی ئەو فەرموودەیەی پەیامبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەبارەت بە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ دەیسەلمێنێ سود و گرنکی زۆر باشی هەیە لەسەر تەندروستی چارەخواز. (١) (٢)

پەیامبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: الحجامة علی الريق امثل وفيها شفاء و بركة (٤ _ ٥ _ ٦) اخرجه ابن ماجة ف السن (٣٤٨٧ _ ٣٤٨٨)والذهن ف الطب النبوي، والمنذری ف اليغيب واليهيب(٣١٥/٤) وغيهم.

واتا: کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵ، باشە و شیفا و بەرەکەتی لەگەڵدایە. شیکارێکی زانستی و پزیشکی بۆ ئەم فەرموودەیە دەخەینە ڕوو : بۆچی کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵ، باشترین و چاکترین دەرمانە بۆ تەندروستی مرۆڤ؟

چونکە خواردن کار دەکاتە سەر کۆئەندامی هەرس و چالاکی دەکات، بەو هۆیەوە سووڕی خوێن چالاک دەبێت و دەبێتە هۆی جوڵاندنی خڕۆکە بەتەمەنە ناچالاکەکان بەتایبەت لەناوچەی شان (کەلەکان خەوتندا کۆبوونەتەوە)، هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی کرداری دابەشکردنی خواردن بۆ هەموو بەشەکانی لەش کە ئەمەش لەگەڵ کەڵەشاخ گرتن ناگونجێت، چونکە ئەو خوێنەی وەردەگیرێ چالاکە لەگەڵ لەدەستدانی ئەو سوودەی کە لەکاتی ئەنجامدانی کەڵەشاخ دەکرێت، ئەمەش وادەکات ئەنجامدانی کەڵەشاخ ئامانجی خۆی نەپێکی و کەڵک و سوودی کەمتربێ وەک لەوەی پەیامبەری (صلی الله علیه وسلم) خوا ئاماژەی پێکردوە و زانستی پزیشکیش سەلماندوویەتی کە کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ سود و گرنکی زیاترە، وەک لەوەی کەسێک نان بخوات ئینجا کەڵەشاخی بۆ ئەنجام بدرێت. پەیامبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ١٤٤٥ ساڵ بەر لە ئێستا وای فەرمووە کەچی تازە زانستی پزیشکی ئەوە دەسەلمێنی، کە کەڵەشاخ لەسەرگەدەی بەتاڵ سود و گرنکی زۆر باشی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ. (٧ _٨ _ ٩ _ ١٠)

سودە زانستی و پزیشکییەکانی ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەسەر گەدەی بەتاڵ :

١_چالاککردنی سووڕی خوێن و ڕێگری کردن لەخەست بوونەوەی خوێن (پاڵفتەکردنی خوێن).

٢_چالاککردنی سووڕی لیمف و گرێ لیمفییەکان و پاڵفتەکردنی لیمف لەو پاشماوانەی تێیدایە.

٣_ چالاککردن و ورژاندنی شوێنەکانی پەرچەکردار لە لەشدا بەمەش ئاگایی مێشک بۆ ئەندامەکان زیاد دەکات و فرمانی دروستیان بۆ دەنێرێت.

٤_ هێنانە دەرەوەی ژەهری لەش لە پاشماوەی دەرمانە کیمیاوییەکاندا، جەستە پاک دەکاتەوە لەماددە ژەهراوییەکان.

٥_ڕێرەوی خۆشکردنی وزە لە لەشدا چالاک و زیاد دەکات و کار دەکاتە سەر زیاتر چالاک بوونی لەش.

٦_بەهێزکردنی بەرگری گشتی لەش و ڕێکخستنی کاری هۆڕمۆنەکان بە تایبەت لەناوچەی برگەی حەوتی بڕبڕەی پشت لەملدا ٧ Cervical.

٧_ کارکردن لەسەر ڕێکخسن و هاوسەنگی دەروونیی و جەستەیی لەڕێی هەردوو سیستمی دەرماری بەسۆز و هاوتای بەسۆز Sympathetic Parasympathetic کە پێچەوانەی یەکیی کار دەکەن.

٨_ چالاککردنی بەشەکانی مێشک کە بەرپرسن لە (جووڵە، زانن، بیسن، یادەوەری).

٩_ چالاککردنی گڵاندەکان بە تایبەت ژێر مێشکە گڵاند.

پەیامبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرمووێت : احت جموا لَ یتبیغ بکم الدم فیقتلکم"
واتا: کەڵەشاخ بکەن نەوەکو خوێنتان تووشی زیاد بوون و لە سنوور دەرچوون بێت و فشاری بەرزببێتەوە و بتانکوژێت. (١١ _ ١٣).

السلسلة الصحيحة | الصفحة أو الرقم : ٢٧٤٧ خلاصة حكم المحدث: صحيح | التخريج : أخرجه الطبري في (مسند ابن عباس) برقم (٧٧٩).

١١_ هێنانەدەرەوەی ماددەی پرۆستاگلاندین کە لەکاتی شیراز تێکچوونیدا لە خانەی توشبوودا دەبێتە هۆی هەستکردن بە ئازار.

١٢_ زۆربوونی ڕێژەی ماددەی کۆرتیزۆنی سروشتی لە لەشدا کە زۆر گرنگە بۆ نەخۆشییەکانی ڕۆماتیزم و لە ژێر چاودێری وردی پزیشکیدا نەبێت بەکار ناهێنرێت.

١٣_ چالاککردن و ورژاندنی مادده دژە ئۆکسانەکان لە لەشدا.

١٤_ زۆر بوونی ڕێژەی ماددەی مۆرفینی سروشتی لە لەشدا کە ئازار شکێنێکی زۆر بەهیزە و ئەگەر بە دەرمان وەربگیرێت بۆی هەیە خووی پێوە بگرێت.

١٥_کەم کردنەوەی هەرسێ جۆری چەوری کە بریتن لە :

١. کۆلیسترۆڵی چڕ (پرۆتینات و چەوری چڕ بەرز) ئەمەش پێی دەگوترێت کۆلیسترۆڵی باش و بە سوود .HDL

٢. کۆلیسترۆلی کەم چڕ (پرۆتینات کەم چەوری) ئەمەش پێی دەگوترێت کۆلیسترۆلی زیانبەخش یان خراپ LDL.

٣_ چەوری سیانی Triglyceride

١٦_ خانەکانی مێشک چالاک دەکات، دەتپارێزێت لەنەخۆشی ئێم ئێس و پارکینسۆن.

١٧_ پلەی گەرمی لەش دادەبەزێنێت بۆ باری ئاسان سروشتی خۆی.

١٨_ لەنەخۆشییەکانی دڵ دەتپارێزێت، چارەسەر و بەسودە بۆ غودەی دەرەقی.



١٩_ کەڵەشاخ کاریگەر و بەسودە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی دۆخی دەروونی مرۆڤ بۆ باری ئاسایی خۆی، چونکە لەدوای ئەنجامدانی کەڵەشاخ لەشی مرۆڤ هۆڕمۆنی ئیندۆرفن Endorphinدەردەدات، کە ئەو هۆڕمۆنانەی لەش کە لەکاتی هەستکردن بە ئازار و فشار، هەروەها لە کاتی ئەنجامدانی ڕاهێنان، نان خواردن و سێکسکردندا دەردەدرێن. ئەم هۆڕمۆنانە یارمەتی کەمکردنەوەی ئازار و فشاری جەستەیی و دەروونی دەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ هەست بە باشی بکات. ئیندۆرفینەکان لە ژێرمێشکەڕژێن و ژێرلانکدا دروست دەبن، جۆرێکن لە دەمارە گوێزەرەوەکان زانیارییەکان لە نێوان دەمارەخانەکاندا دەگوازنەوە، ئیندۆرفن بە واتای ناوەوەی جەستە و morphine کە ئازارشکێنە هاتووە، پێکەوە دەبنە endorphin واتای ئازارشکێنی سروشتی دەگەیەنێت، ئەم هۆڕمۆنانە مرۆڤ دەخەنە دۆخێکی ئەرێنی مێشکەوە و هەستی دڵخۆشی بە مرۆڤ دەبەخشن. زیاتر لە ٢٠ جۆری ئیندۆرفینەکان لە لەشی مرۆڤدا هەیە، بێتا-ئیندۆرفینەکان بەشداری لە کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و ئازاری جەستە دەکەن، (قەلەف، سێیس، بەرزە فشاری دەروون، تورەن، خەمۆکی، وەسواش، ڕاڕان)کەم دەکاتەوە و کەڵەشاخ هەڵدەستێت بە ڕێکخستنەوە و هاوسەنگ کردنەوەی هۆرمۆنەکان لەجەستەدا، مەزاجی مرۆڤ رێکدەخاتەوە بۆ باری ئاسایی خۆی.

٢٠- چارەسەر و بەسودە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی پێست، وەک ئەگزیما، سەدەف، حەساسیەت بەگشتی لەپێست دا. (١٣ _ ١٤_ ١٥ _ ١٦ _ ١٧_ ١٨ _ ١٩ _ ٢٠)

## سەرچاوەکان:


١_ الحجامة في العصر الإسلامي https://www.master-clinic.org.il ‹

٢_ العلاج بالحجامة في الطب العربي من منظور الطب الحديث

International Society for the History of Islamic Medicine https://www.ishim.net › cupping

٣_ پەرتوکی موسوعة طب الحجامة _ نوسینی : دکتۆر غەسان جەعفەر، لاپەڕەی پەرتوک (٢٧٢ _ ٢٧٣ _ ٢٧٤ _ ٢٧٧) بەناو نیشان" جدول ملخص باحاديث الحجامة الصحيحة.

٤_ کەڵەشاخ گرتن و زانستی و ئەمڕۆ، لەئامادەکردن : کاوە محمد شارباژێڕی، پێداجوونەوەی لەڕووی پزیشکییەوە، دکتۆر کاوە فەرەج سعدون، چان دووەم ساڵ ٢٠١١ لاپەڕەی پەرتوک (٤٣)

٥_ پەرتوکی موسوعة طب الحجامة _ نوسین : دکتۆر غەسان جەعفەر، لاپەڕەی پەرتوک (٢٧١ _ ٢٧٢ _ ٢٧٣ _ ٢٧٥) بەناو نیشان" جدول ملخص باحاديث الحجامة الصحيحة.

٥_حديث الحجامة على الريق maqall.net

‹ https://maqall.netصحة

٦_الحجامة على الريق https://hekmai.wordpress.com › ٢٠...

٧_مواعيد الحجامة الأربعة - الموعد اليومي


https://www.amin-sheikho.com/?p=٦٣٣٧

٨_ پەرتوکی Cupping لەنوسین : موحەمەد ئەمین شێخو، لە لاپەڕە (١١٥) دەڵێت" (تاقیکراوەتەوە لەکاتی کەڵەشاخ گرتن بۆ کەسانێک لەکاتێکدا تێربوون، دوای شیکاری کردن بۆ خوێنەکەیان دەرکەوتووە کە نزیکە لە خوێنی ئاسایی کە لە دەمارەوە وەردەگیێت)

تێبینی/ کەدەڵێت کەسانێک لەکاتی کەڵەشاخ تێربووون واتا نانیان خواردووە، بەزگی تێرەوە کەڵەشاخیان بۆ کراوە، وە بۆ چوونێکی زانستی تر هەیە باس لەوە دەکات" کە لە لەشی مرۆڤدا فلتەر هەیە، ئیشی ئەو فلتەرانە گرتنی، خڕۆکە پیرو لەکارکەوتوەکانە کە گەورەترین فلتەر لەنێوان شان و ملدایە، بۆیە خواردن یان جوولە یان خۆشۆردن کاریگەریی دروست دەکات لەسەر جوولە و خواردن و خۆشۆردن وادەکات خڕۆکە پیرو لەکارکەوتووەکان بچنە ناو ئەو فلتەرانەوە.

٩_بۆچی چارەسەری بە کەڵەشاخ گرتن لەسەر گەدەی بەتاڵدا کاریگەرترە؟
medium.com/why-hijama-cupping-therapy-.https://rabiaanjum٢١١٤
٨ad٩b١f٧٩bff-is-more-effective-with-an-empty-stomach
١٠_کەڵەشاخ گرتن باشتر وایە لەبەیانیان و لەسەرگەدەی بەتاڵ ئەنجام بدرێت :
https://www.cuppingforhealth.co.uk/before-and-
٢٠be,bef٪٢٠should ٪٢٠Cupping ٪٢FWet ٪text=Hijama:~:#aftercare١
.٢٠session٪٢FCupping٪٢٠Hijama٪٢٠the٪ore
١١_الموسوعة الحديثية https://dorar.net/hadith/sharh/١٤٦٩٨٥
١٢_ موسوعة النابلسي للعلوم الإسلامية الحجامة ومرض ارتفاع الضغط الشرياني و الشقية
https://nabulsi.com › web › article
١٣_ کەڵەشاخ و پزیشکی نوێ، نوسین : جلال کەریم ئۆمەر، چاپی دووەم، بابەت: سوودە گشتیەکانی کەڵەشاخ لاپەڕە (٣١_٢٣)
١٤_ ما هي فوائد الحجامة.. العلاج المعروف منذ عسرات آلاف السنين؟ https://www.almayadeen.net › health
١٥_ الإعجاز النبوي في حديث الحجامة https://www.islamweb.net › article
١٦_ الحجامة .. من الإعجاز العلمي في الطب النبوي › https://midad.com › articleالحجام..
١٧_ الدوبامن: ما هو؟ كيف يؤثر علينا؟ وكيف نزيده؟ https://www.webteb.com › articles
١٨_ دوبامين https://altibbi.com › dopamineكيمياء-حيوية
١٩_ هۆڕمۆن دۆپامین گرنگی و کاریگەری لەسەر جەستە https://zaniary.com/blog/٦٢e٦bb٢٦a٥٢٠٣
٢٠_ سودە زانستی و پزیشکییەکان کەڵەشاخ University of St. Augustine for Health Sciences
https://www.usa.edu › blog › what... What Is Cupping Therapy? Benefits and Applications | USAHS

## کرێکار قادر ڕوستایی



# دەروونزانی - کۆمەڵناسی

ژمارەی شەشەم

پاییزی ٢٧٢٤

# هەستی تەنهایی قووڵ و خۆبەکەم زانین لە نێو بەشێکی دیاری پانتای کۆمەڵگای کوردی لە باشووری کوردستان

## شیکردنەوەیەکی سادەی دەروونشیکاری و زانستی لە چەند دێرێکدا.

مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵگا بوونی نییە، کۆمەڵگا هێنانەوەی مرۆڤ بۆ نێو خۆی، بۆ دەرەوەیەك کە گوزارشت ناکرێ، بۆ دۆخێك کە درکی پێدەکرێ، بەبێ زمان یادەوەری ناجوڵێ، زمان یادەوەری دەهەژێنێ، کورد دەبێ لەنێو خۆیدا هەست بەخۆی بکاتن نەوەك لەنێو "ئەو"یتری ستەم لێکراو یاخود دڕندەدا.

مێژووی کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوە لەنێو مێژووی کوردا پرسێکی دڕێژخایەنە، کورد وەک نەتەوەیەك ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و چەوساندنەوە بوونەتەوە. ئەم تڕاوما بەردەوامانە دەتوانن ببنە هۆی دروستبوونی" تراومای نەتەوەی و نەوەیی"(کە بەهۆی جینەتیکەوە نەوە نەوە لەدوای نەوە لە ئاستی جیا جیادا بگوازرێتەوە بۆ نەوەکان بەڕێژەی جیا جیا، ئەمە یەکێك لە ئەگەرە زانستیە پێشبینیکراوەکان کە سەلمێنراوە لەنێو دەروونیدا بۆ پرسی تڕاوما PTSD)" . ئەم دۆخە دەتوانێت هەستی بێهیوایی و دابڕان لە جیهانی ناوەوەی بەشێك لە کوردەکانی باشوور دروستبکاتن، بۆیە پرسی ئەوەی تری گەورە دێتەبوون وەك پرسێکی ئەخڵاقی و ئاینی کە پێیان وایە "من خۆم بکەم بە قوربانی بۆ تۆی ستەم لێکراو لە دیدی بەشێکیان بە گەورەترین پاڵەوان و قارەمان دەبینرێ" . لەکاتێکدا من هەمیشە سەربازێکی بریندارم لەدۆخی وەستاوی خۆمدا. جوگرافیای باشووری کوردستان دۆخێکی بەرگری دەروونی بۆ تاکەکان دروست دەکات بەهۆی بوونی ئەو هاوسێیانەی کە کورد وەك نەتەوەیەکی تر بە شیاوی ژیانێکی شایشتە نازانن، کوردەکان دەبێ "ئەو"یتر فەرامۆش بخەن و لەنێو خۆیاندا برینەکانی خۆیان بپێچن.



لەهەمان کاتدا پرسی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەتوانێت کاریگەری قووڵی لەسەر دەروونی تاک و کۆمەڵگا هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. بەهۆی ڕووداوە مێژووییەکانەوە، زۆرێک لە کوردەکان پەرتەوازەی وڵاتانی جیاوازبوون. ئەم دۆخە دەتوانێت هەستی "ونبوون" و "نامۆبوون" لە کەلتووری نوێدا دروست بکات، کە بەپێی دەروونشیکاری دەتوانێت ببێتە هۆی قەیرانی ناسنامە. بەهۆی دۆخی سیاسی و ئەمنی ناجێگیرەوە، زۆرێک لە کوردەکان هەست بە هەڕەشەی بەردەوام دەکەن. ئەم دۆخە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی "زەینی پارانۆید-ی" کە تیایدا تاك هەست بە نائارامی و بێ متمانەیی بەردەوام دەکات. کێشە نێوخۆییەکانی کورد دەتوانن کاریگەری نەرێنی لەسەر یەکگرتوویی و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی دروست بکەن. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی "دژیەکی ناوەکی" کە تیایدا تاک هەست بە دابڕان لە کۆمەڵگاکەی خۆی دەکات. (لەنێو نیشتیماندا هەست دەکەیت بێ نیشتیمانیت، لەنێو کۆمەڵگاشدا هەست دەکەیت بێ کۆمەڵگایت، ئەم دۆخە پرسی Isolation دەگرێتەوە).

مێژووی درێژی چەوساندنەوە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی "سندرۆمی قوربانی". لەم دۆخەدا، تاك هەست دەکات کە بەردەوام قوربانییە و ناتوانێت کۆنترۆڵی ژیانی خۆی بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەویتر بۆ لاواندنەوەی خۆی لەنێو ئەویتردا وەك میکانیزمێکی بەرگری دەروونی لە ئاستێکدا، کە ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی هەستی بێ هیوایی و تەنهایی.
لە کۆتاییدا، گەرەکمە بیڵێم کە زۆرێک لە کوردەکان لە هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیاندان لە نێوان کەلتووری نەتەوەیی و مۆدێرنیتەدا. ئەم ململانێیە ناوەکییە دەتوانێت ببێتە هۆی هەستی سەرلێشێواوی و تەنهایی. هەرچەندە ئەم فاکتەرانە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە دروستبوونی هەستی تەنهایی قووڵ لە نێو کوردەکاندا، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هەر تاکێك ئەزموونی تایبەت بە خۆی هەیە لەژیانیدا. هەروەها، زۆرێک لە کوردەکان توانیویانە بەسەر ئەم کێشانەدا زاڵ ببن و ژیانێکی پڕ لە مانا و پەیوەندی بەهێز بۆ خۆیان دروست بکەنەوە سەر لەنوێ بەشێکیان لەناوەوەی کوردستان، بەشێکی تریشتیان لە دەرەوەی کوردستان.

**ابراهیم موحەمەد(ئەبڕاهام لێڤای)**

# دەستپێکردنەوە و گەڕانەوە بۆ قوتابخانە

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەقوتابیان دەچنەوە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندن،لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆریان واز لەخوێندن دێنن هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەقوتابخانەکانی ئەم هەرێمە هیچ ڕێنماییکارێکی پەروەردەییان نییە،کە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ڕادەی هوشیاری و چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی و پەروەردەیی کۆمەڵایەتیەکان،لێرەدا چەند ڕێنماییەکی گشتی دەخەینەڕوو وەک دەستپێکی خوێندن بەتایبەت بۆ قوتابیانی بازنەی یەکەم و پۆلی ١ ی سەرەتایی.

١ - مرۆڤ بەتایبەت منداڵ بەسروشتی خۆی ڕاهاتووە لەکەشی ئازادانەی ماڵ و کەمی دیسپلین(ڕێکخستن) و یاسا و ڕێسا کە قوتابخانە جۆرێک لە ڕێکخستن و ڕێسا و یاسای بۆ دادەنێ وەک(زوو هەستان لەخەو،لەبەرکردنی جل و بەرگی تایبەت و پاک،دانیشتن لەسەر یەک ڕەحلە،گوێگرتن و بێدەنگبوون،نەجوڵانی زۆر و هتد..)کە ئەمە بۆ هەر مرۆڤێک بەتایبەت منداڵ تاقەت پڕوکێنە بۆیە ئاسایی بیبینن کە بەشێکیان لەسەرەتاکانی خوێندن ڕاستەوخۆ نەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو ڕۆتینە نوێیە و سیستم(نەزم) ە نوێیە ڕابێنن و ڕکەبەری و دژی بووەستنەوە،تۆ وەک پەروەردەکار و دایک و باوک پێویستە لەوە بگەیت و ئارامبگری و دانایانە مامەڵەبکەیت



٢- هەندێک منداڵ زۆر وابەستەی دایک یان باوک یان هەردووکیانن و ناتوانن خودکارانە و ڕاستەوخۆ لێیان دووربکەونەوە ئەوەش چەندین هۆکاری هەیە لەوانە پەروەردەی هەڵەی بەنازبەخێوکردن و بەجێهێنانی هەموو ویست و داواکاریەکانی منداڵ بێ سنووردانان،لێرەدا گەر ڕێنماییکار بوونی هەبوو دەکرێ سوودی لێوەربگیرێ و بەهەماهەنگی ئەم چارەسەربکرێ،وە گەر بوونی نەبوو هەوڵدە سەرەتاکان بڕۆن لەگەڵیان و بۆ ناو پۆل و هێواش هێواش لێیان دووربکەونەوە و ڕۆژانی تر بۆی ڕوون بکەنەوە کە پێویستە بەتەنیا بچێت و ڕێگا نادرێ ئەوان لەگەڵیان بن و هاوڕێیان بۆ دروستبکەن و مامۆستاکانی ئاگاداربکەنەوە،لەبیرت بێت پەروەردەی هەڵەی چەندین ساڵ بەئاسانی و بەڕۆژێک چارەسەرنابێ..

٣- هەندێ جار بەهەندێ هۆکار قوتابخانە لای منداڵ دەبێتە مۆتەکە و پێویستە لەڕێگای ڕێنماییکار گەر بوونی هەبوو ئەو وێنەیە لای منداڵ ڕاستبکرێتەوە یاخود ئەو باوەڕە هەڵەیە تێکبشکێنرێت لەڕێگەی گفتوگۆ و دانیشتن و هێنانەوەی نمونە و هتد..گەر ڕێنماییکار بوونی نەبوو ئەوا دایک و باوک بەهاوکاری مامۆستاکان ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆی هەڵەی چەندین ساڵ بەئاسانی و بەڕۆژێک چارەسەرنابێ.

٤- مامەڵەی درووست و ئارامگرانەی دایک و باوک زۆر گرینگە وە بەپێی سەرنج و ئەزموون ئەو قوتابیانەی کە پێشتر لەباخچەی ساوایان بوونە زووتر و باشتر خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ قوتابخانە بەبەراورد بەوانەی کە ئەو ئەزموونەیان نەبینیوە،هەر بۆیە ڕۆڵی دایک و باوک وەک پەروەردەکار زۆ گرینگە کە فشاری زۆر و توندی و توڕەیی بەکارنەهێنن بۆ ناردنی منداڵەکەیان بۆ قوتابخانە بەڵکو بەوپەڕی تێگەیشتن و ئارامی و نەرمیەوە مامەڵەبکەن و وردە وردە و هێواش هێواش چارەسەری گرفتەکانی منداڵەکەیان بکەن.

٥- ڕۆڵی پەروەردەکار و مامۆستایان و دەستەی کارگێڕیش زۆر گرنگە بەتایبەت ڕۆژی یەکەم و بینینی یەکەم کە بەپێی توێژینەوەکان کاریگەری ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی دەبێ لەسەر منداڵ بۆ ڕادەی حەز و ویست و وابەستەبوونی بەقوتابخانەو بەپێچەوانەشەوە،گرینگە بەوپەڕی نەرم و نیانی و نەرمیەوە مامەڵەبکەن و چاوڕوانی ڕاستەوخۆ پابەندبوون بەیاساکان نەکەن لێیان و ڕۆژەکانی سەرەتا بکەن بە تایبەت بۆ ناساندنی قوتابخانە و ڕێسا و یاساکان و چیرۆک و ووتەی پەروەردەیی وە گرینگە ڕاستەوخۆ وانەکان نەخوێنرێت بەڵکو خۆت بەقوتابی بناسێنی و کارلێکی لەگەڵ بکەیت.

٦- بێگومان ڕۆڵی ڕێنماییکار بەگەیانی ئەم ڕێنماییانە و هیتریش بە کۆمەڵانی خەڵک و ستاف و دەستەی کارگێری قوتابخانەکەی ئێجگار گرینگە ڕۆڵی ئەو تەنیا خۆی لەپێشکەشکردنی ڕێنمایی و چارەسەری کێشەکان و هوشیاری دان و پەرەپێدان نابینێتەوە بەڵکو لەزۆربەی لایەنەکان و پەیوەندیە جیاوازەکانەوەیە،نەخاسمە بەپێی دوایین ئامار ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی حکومی ڕێنماییکاریان نییە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر کرداری دەروونی و پەروەردەیی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی خوێندکار و کۆمەڵگا..


بەهیوای سوود و بڵاوکردنەوەی وە بەهیوای دامەزراندنی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەزۆربەی سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی حکومەت...

**ڕێکان عبدالرحمن**

# "فینیاس گەیج" ئەو پیاوەی شیشێک بەناو سەریدا تێپەڕی و نەمرد!

لە دەروونزانیدا چەندەها هۆکار هەن کە وا دەکەن ڕەفتاری تاک بگۆڕێت، گرینگترین هۆکارەکانیش وەک: ژینگە، ڕووداوەکانی ژیان، گەشەی کەسایەتی، گۆڕانە فیسیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکان، ڕووداوە هاندەرەکان.فینیاس گەیج ئەو پیاوە بوو کە شارەزایەکی بەتوانابوو لە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر. دواتر لە بواری زانستی دەماریدا بەناوبانگ بوو، ئەویش بەهۆی ئەو ڕووداوەی کە بەسەری هات لە ساڵی ١٨٤٨.لە کاتی کارکردندا بوو کە شیشێکی ئاسن بەناو سەریدا لە ڕوومەتی لای چەپی بۆ ناوەڕاستی سەری تێپەڕی. ئەم ڕووداوەش زیانێکی زۆری بە توێکڵی بەشی پێشەوەی مێشکی گەیاند.ئەوە ئەو ڕووداوە بوو کە گەیج تێیدا نەمرد، بەڵکو نەشتەرگەری بۆ کراو تا ماوەیەکی زۆر چارەسەری وەرگرت، وە ئەوەی جێی سەرنج بوو تێیدا ئەوەبوو کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر هەڵسوکەوتیدا هات، کە توێژەرانی سەرسام کرد و بووە هۆی ئەوەی باشتر تێبگەین لە کرداری مێشک، چونکە لەڕووی جووڵەی جەستەییەوە تەواو باش ببوو وە ئەوەی جێی سەرنج بوو کەسایەتییەکەی بوو.پێش ئەوەی ئەم ڕووداوەی بەسەربێت گەیج بە کەسێکی بەرپرس و هێمن و کاریگەر وەسف ئەکرا، بەڵام دوای ڕووداوەکە کەسایەتییەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا، بوو بە کەسێکی تووڕە و هەڵەشە وە توانای بڕیاردان و پلاندانانی نەما وەک پێشتر.ئەم کەیسەی گەیج ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دروستکردنی بیردۆزەکان دەربارەی ڕۆڵی مێشک لە کەسایەتی و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا. هەرچۆن هەر بەشێکی جەستەی مرۆڤ لەکاربکەوێ ئەوە مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسایی ژیانی خۆی بەڕێ بکات یاخود دەمرێت، هەر بەم شێوەیەش هەر بەشێکی بچووک لە مێشکی مرۆڤ پەیوەندی بە هەڵسوکەوت و کەسایەتی تاکەوە هەیە کە وا ئەکات بەرەو باشە یا خراپە بڕوات.زانا هارڵۆو باسی ئەوەی کرد کە برینەکە بە قووڵی کەسایەتی گەیجی گۆڕیوە، هەرچەندە بەهێزی بیرەوەری و توانای زانینی نەگۆڕاوە، بەڵام کەسایەتییە نەرمەکەی گۆڕاوە بۆ کەسێکی توند، کە بوو بە پیاوێکی خراپ و دڕندە و بێ ڕێز بۆ هاوکارەکانی، وە نەیدەتوانی ئامۆژگاری و گفتوگۆ قبوڵ بکات وەک جاران.ئەم ڕووداوەش پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە بارەیەوە، توێژەران گەیشتن بەوەی کە هەر زیان گەیاندنێک بە ناوچەیەکی دیاریکراوی مێشک ئەکرێ ببێتە هۆی گۆڕانکارییەک لە ڕەفتاری مرۆڤ.برینەکەی گەیجیش تیشک دەخاتە سەر گرنگی توێکڵی پێشەوەی بەشی مێشک، کە ئەم بەشەی مێشک ئەرکی کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە هەستەکان و بڕیاردان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤە.ئەم برینەش کە لای گەیج دروست بوو، بووە هۆی لاوازبوونی ئەم کردارانە لای ئەو و بەم هۆیەوە کەسایەتی گۆڕانی بەسەردا هات.گرنگە تێبینی ئەوەش بکەین کە هەر برینێکی مێشک جیاوازە و کاریگەرییەکانیشی جیاوازە لەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، وە دەکرێ بگۆڕێ بەپێی شوێن و قەبارە و جۆری ئەو زیانەی بەسەر کەسەکەدا دێت لە کۆتاییدا لە ڕێی ئەم ڕووداو و لێکۆڵینەوەیەوە ئەتوانین درک بەوە بکەین کە مرۆڤ چەند ئاڵۆزە و چەنەها شت ئەکرێ کاریگەری لەسەر دروست بکات لە گۆڕانی کەسایەتی لە ژیانیدا، بۆیە گرنگە هۆشیاریمان هەبێت لەم بابەتانەدا تاکو بزانین لە بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانماندا چۆن مامەڵە دەکەین و ناوەڕۆکی بابەتە زانستییەکان ببینین نەک تەنها ڕووکەشی بارودۆخەکان





## دەســتدرێژی سێکســی ئــەو ووشــەیەی لەماوەی رابردوودا زۆر کەوتۆتە سەر زمان.

لەگەڵ ئەوەی دەســتدرێژی سێکســی دیاردەیەکــی تازەی کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتی نییە، بەڵام بە پێشــکەوتنی جیهــان و تێبینیکردنــی ئەو رەفتارە لە ناوەندە گشــتییەکان وادەکات پێویســت بێت ســەرکۆنە بکرێت و رێگری لێبکرێت. لەپێش هەموو ئەوانەشــەوە هۆشــیارکردنەوەی ئەو توێژەی کە بەشــێوەیەکی فــراوان ڕووبەڕووی دەســتدرێژی دەبنەوە بەدیاریکراویش ئافرەتان، ئەوەی دەکرێت تێبینی بکەین ئەوەیە پێویستمان بەژمارەیەکی زۆر بەڵگە نییە بۆ ئاماژەکردن بەو دیاردەیە.

دەستدرێژی سێکســی تەنها پێگەیشتوانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەزۆر کاتدا دەستدرێژی دەکرێتە سەر منداڵان، و ئــەوەش (Pedophilia) دەکاتە یەکێك لە دیاردەکان چونکە ناتوانین منداڵەکانمان لەتەواوی کاتەکاندا بپارێزین و لەهەمــوو شــوێنێك لەگەڵیــان بیــن، ئێمــە بەرپرســیاری منداڵەکانمانیــن و پێویســتە کاربکەیــن بــۆ هۆشــیارکردنەوەیان دەربارەی دەستدرێژی سێکســی، ئەوەش لەرێگەی پرۆگرامێکەوە کە هەرەمەکی نەبێت بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ڕووبەڕووی گرێی دەروونی نەبنەوە دەربارەی ســێکس کاتێك گەورە دەبن. دەســت درێژی سێکســی دژی منداڵان زۆر شێوەی هەیە کە لە قســەی سێکسی لەبەرامبەر منداڵەوە دەست پێدەکات، و یان خســتنەرووی وێنەی رووت، یان خســتەڕووی ئەندامی زاوزێ و ئەنجامدانی خوی نهێنی "دەســتپەڕ" لەبەردەم منداڵ یان وێنەگرتنی ئەندامی سێکسی منداڵ تا دەگاتە دەستلێدان و دەستدرێژی سێکسی.

بەپێی دواهەمین لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە دەســتدرێژی سێکسی ســەر منداڵان زۆر بەرزە و رێژەیەکی زۆری ئەو منداڵانەش لەلایەن کەســە نزیکەکانیان یان ناسیاوەکانیان یان هاورێکانیانەوە بووە، و نەبوونی هۆشیاری پێویستیش وا دەکات منداڵان ئەو کردەوانە قبوڵ بکەن، لەبەرئەوەی ئەگەر لەناخیشیاندا نارازی بن ،ئەوە زۆر جار باڵا دەســتی بۆ کەسی دەستدرێژی کەرە. منداڵ هەســت بەوە دەکات کە دووچاری ئابرووچوون بووە، هەست بەترســیش دەکات بەتایبەتیــش کــە لەلایەن دەســتدرێژی کەرەکەوە هەرەشــەی لێکرابێــت، هەندێك جاریش هەســت بەخۆشی دەکات بەوەی کە گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشــتن ئەوەش وای لێدەکات هەست بەجیاوازی بکات. لەبەر هەموو ئەمانە هۆشیارکردنەوەی منداڵ لە مەترسی دەستدرێژی سێکسی بۆتە پێویستی.



راستە بوونی هۆشیاری تەواو نابێتە گرێنتی پاراستنیان، بەڵام هۆشیاری تەواو دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەوڵ بدات دەستدرێژییەکەی بە پێی توانا بوەستێنێت، یان لە خراپترین حاڵەتدا بەبێ ترس لە سزادانی لەلایەن کەسوکارەکەیەوە دەستدرێژییەکە ئاشکرا بکات .

## ئامادەکردنی منداڵ بۆ ئەوەی رێزی تایبەتمەندی خۆی بگرێت

سەرەتا پێویستە منداڵ کاتێك دوو ساڵی تەواو کرد لەڕووی سێکسیەوە هۆشیاربکرێتەوە، بەوەی کە هەندێك شوێنی جەستەی نابێت هیچ کەسێك ببینێت، تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە لەگەڵی دەچنە گەرماو ئەوانیش باوەڕپێکراوەکان بن، ناشبێت هیچ کەسێك دەست لەو بەشانەی جەستەی بدات یان وێنەی بگرێت تەنانەت کە نزیکترین کەسیشی بێت، پێویستە رێزی منداڵ بگیردرێت و چوارچێوەیەکی هەبێت بۆ رێزگرتن لە کەسایەتی.
ئەگەریش منداڵەکە گەورەبوو توانی خۆی بەتەنها خۆی بشوات دەبێت دەستبەجێ هاوکاریکردنی رابگیردرێت و فێری ئەوە بکرێت کە بەتەنها بچێتە گەرماو و خۆی بشوات، بۆ ئەوەی فێربێت کە جەستەی ڕووتی تایبەتمەندی خۆیەتی و نابێت هیچ کەسێك ببینێت.
بوونی هۆشیاری سێکسی لای منداڵان بەیەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی پارێزگاریکردن لەمنداڵان دادەنرێت لەو ڕووداوانە، هەروەك فێرکردنی ناوی ئەندامانی جەستەی لە منداڵیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی باش ناخی خۆی دەربڕێت، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت منداڵ وریابکرێتەوە لەوەی کە هیچ شتێك نییە نهێنی بێت لەنێوان خۆی و کەسە باوەرپێکراوەکانی وەك باوك و دایك بەتایبەتیش کە ئەو نهێنییە پەیوەندی بە جەستەیەوە هەبێت، جا دەستدرێژی بێت یان لێدانی. پێویستە منداڵ بزانێت کە دەتوانێت لەهەموو دۆخێکدا کەس و کاری ئاگادار بکاتەوە، لەوەش گرنگتر کە زۆرینەی خێزانەکان پشتگوێیان خستووە ئەوەیە کە نابێت منداڵ ناچاربکرێت بەرازی بوون لەشتێك بە هەرەشە، وەك ئەگەر ئەوە بکەیت فلان کەس تورە دەبێت یان فلان کەس شیرینیت ناداتێ، چونکە ناچارکردنی بۆ کاری بچوك وا دەکات منداڵ خووبەوەوە بگرێت کە شت بکات لەژێر هەرەشەدا لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی ئاسودە نەبێت.





## ئەو نیشانانەی وا دەكات هەست بەوە بكەیت كە منداڵەكەت قوربانی دەستدرێژی سێكسییە

گرنگترین شت كە پێویستە كەس و كاری منداڵەكە بیزانن ئەوەیە كە ئەگەر هەستیان كرد منداڵەكەیان گۆڕدراوە دەبێت بزانن هۆكاری ئەو گۆڕانكاریە چییە، بەتایبەتیش كە نازانن هۆكاری گۆڕانكاریەكان چین.

چەند نیشانەیەكی ئاشكرا هەن وەك:

بوونی خوێن یان سپێرم یان بوونی هەوكردن بەبەردەوامی

بوونی ئازار لە شوێنی دیاریكراو یان دەوروبەری

كاتێك جلی ژێرەوەی لۆچ بووبێت یان  خوێنی لەسەر بێت

كاتێك منداڵەكە نەتوانێت بە ئاسانی بڕوات یان دابنیشێت.

یان چەند گۆڕانكاریەك لە ڕەفتاری رووبدات وەك:

منداڵەكە حەز نەكات خۆی بشوات یان دەركەوتنی چەند نیشانەیەك كە پەیوەندیان بەپاك و خاوێنیەوە هەیە

ترسان بەبێ هۆیەكی دیاریكراو

گۆڕینی شوێنی نوستن یان بینینی خەوی ترسناك

پاسەوانیكردن لەخوشك و برا بچوكەكانی یان ئەوانەی لە ئەو لاوازترین لەرووی جەستەیەوە

گەڕانەوە بۆ بەشێك لە ڕەفتارەكانی سەردەمی منداڵی وەك مژینی پەنجە

دەركەوتنی ڕەفتاری سێكسی نەگونجاو

هەوڵدانی منداڵ بۆ ئازاردانی خۆی

**ئازیز سڵاح**

# تاکی کورد و سێ ئاستەکەی هۆشیاریی:

زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاستی وشیارییان "وعي" لاواز و ماماناوەندە و کەمینەیەکیش وشیارییەکی دەوڵەمەندیان هەیە.
ئەوانەی وشیارییەکی لاوازیان هەیە تێگەیشتن و ڕوانگەیەکی زۆر تەسك و سنوورداریان هەیە بۆ واقیع و ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانی ڕۆژانەیان و جیاکاری دەروونییان زۆر کەمە، هەمیشە خۆیان پێ ڕاستە و ماف لایان بریتییە لەو شتەی کە لەبەرژەوەندەی خۆیانە. زۆرێك لە دیندارەکانی ئەم ئاستە دەست لە ژیانی خەڵك وەردەدەن بەناوی ئاین و پێیان وایە بەهەشت لەسەر خۆیان تاپۆکراوە و سەرەڕای پیادەکردنی چەند دروشمێکی ئاینی، بەڵام ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی دونیایان بگونجێ ئەنجامی دەدەن با دژی بنەما دینیەکانیان بێ. زۆرێك لە بێ دینەکانی ئەو ئاستەش تەواو بە پێچەوانەی بەها ئاکاری و دینی و کۆمەڵایەتیەکان ڕەفتار دەکەن و دەشێ ببنە کەسانێکی لادەر و لاسار و تاوانبار دەبن. ئەوان پێیان وایە دەبێ هەموو کەس وەك خۆیان بیربکاتەوە و لە شتەکان بڕوانێ، زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین ئەوانە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا زۆرینەن.

بەڵام ئەوانەی ئاستی وشیارییان ماماناوەندە کۆمەڵێ مەعریفەی ڕوکەشیان هەیە، بەڵام کۆگایەکی مەعریفی دەوڵەمەندیان نییە، کەچی خۆیان وانابینن و زۆر بەچاوێکی بەرز سەیری خۆیان دەکەن و دەشێ خۆیان وەك زانا و پسپۆڕی بوارەکەی خۆیان ببینن. ئەوان قسە لەسەر هەموو بابەتێك دەکەن بێ ئەوەی هیچی وای لێ بزانن، ئەگەر باسی نەخۆشی بکرێ دەبنە پزیشك، باسی سیاسەت بکرێ دەبنە سیاسی، باسی وەرزش بکرێ دەبنە شیکەرەوەی وەرزشی...هتد، ئەوان تەفسیری هەموو ڕوداوەکان دەکەن و ڕەخنە دەگرن و چارەسەری قەیران و کێشەکان دەخەنەڕوو، بەڵام قسەکانیان زۆر سادە و بێ سودە، دەشێ ئەوانە خاوەنی بڕوانامەی بەرزبن و چەندین کتێبیشیان خوێندبێتەوە، بەڵام خاوەندارێتی هزریان لاوازەو بیرکردنەوەی زانستیان کەمە.

ئەوانەی ئاستی وشیارییان بەرزە یان وشیارییەکی دەوڵەمەندیان هەیە کە ئەوانە کەمینەن، خاوەنی مەعریفەیەکی قووڵ و فراوانن و تێگەیشتنیان نزیکە لە واقیع و جیاکاری دەروونییان هەیە و پێکهاتە مەعریفیەکانیان چڕ و ئاڵۆزە، ئەوان لەم دۆخەدا سەراسیمەن و نازانن بۆ دوو کۆمەڵەکەی تر بگرین یان پێیان پێبکەنن، زۆر بەکەمی گوێیان لێ دەگیرێ و لەناو هەژموونی ئەو ناوشیارییە ون بوونە. ئەوان کاریگەریان نیە لەسەر کۆمەڵگە، یان کاریگەرییان زۆر کەمە، بۆیە زۆرێکیان بێ دەنگی هەڵدەبژێرن و توشی ناکامی دەبن لەبواری چاکسازی کۆمەڵایەتی، چونکە واقیع زۆر نزیك دەبینن وەك ئەوەی کە هەیە، لەوانەیە زۆرجار ڕەشبین بن سەبارەت بە داهاتوو لەبەر وشیارییان لە واقیع.
تێبینی: بیرۆکەی ئەو دابەشکردنی وشیارییەم بۆ سێ ئاست لە وانەی دەروونزانی ئەرێنی کە لەلایەن بەڕێز پ.د. یوسف حەمە ساڵح مستەفا دەگوترایەوە، وەرگرتوە.

**نوێنەر یاسین محمد**

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سـەکـۆی هـزر

ژمارەی شەشەم

پایز ٢٧٢٤